

**پێشەکی**

**ئەو پەرتووکەی وا بەناوی (دۆسیەی بارزانی لەسندوقی پۆلایینی ستالیندا) لەبەر دەستی خوێنەری بەڕێزدایە، لەلایەن مێژوو نووسء شارەزایەکی کوردی ولاتی روسیا بەناوی (وەزیرآ ئەشۆ) نووسراوە. ئێمەش وەک مەکتەبی رۆشنبیریء راگەیاندنی لقی دوو بەباشمان زانی ئەم نووسینە لەشێوە زاری کرمانجی بۆ سۆرانیء لەرێنووسی لاتینی بۆ سەر پیتی عەرەبی وەربگێرین، بۆ ئەم کارەش داوامان لەبرای نووسەر کاک(ئەحمەد ئەنوەر) کردو ئەویش کارەکەی بەسەرکەوتووی بۆ ئەنجام داینء زۆر سوپاسی دەکەین.**

**دەربارەی ناوەرۆکی ئەم پەرتوکەو گرنگیەکەی بۆ ئێمەی کورد هەمە لایەنەیەو داواش لەهەموو ئەو بەرێزانە دەکەین لەکاتی خوێندنەوەی بەوردیی و سەرنجەوە بروانن بابەتەکەو بۆ ئەوەی لەحیکمەتی ژیانی سەرکردەیەکی دیرۆکی گەلەکەیان بگەن ،پێویستەلەسەر وانەو پەندەکانی مێژووی ژیانی یانزدە ساڵەی بارزانی نەمر هەڵوەستە بکەنء بۆ ئاییندەی گەلەکەیان سودی لێوەرگرن.**

**لەم کورتە پێشەکیەدا بەپێویستی دەزانین کەمێک لەسەر خاڵە گرنگەکان بوەستینء دەستنیشانی چەند پەند و ئەزموونء حیکمەتێک بکەین کە زادەی ژیانی ئاوارە یی بارزانی نەمرە لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران ... کە بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1- **بریاری بارزانی نەمر پاش لەناوچوونی کۆماری مەهاباد بۆ پەرینەوە لەئاراسء چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەخۆیء هێزێکی پێنجسەد پێشمەرگەیی، بریتی بوو لە لوتکەی باوە رو ئیمان بەئاییندەی گەلەکەیء بەرزی هیوای سەرکەوتنی بەرامبەر بەدوژمن. ئەمەش لەتاریکترین رۆژەکانی مێژوو ،ونائومێد ترین کاتەکانی خەبات بوو، حیکمەتی رابەرو سەرکردە مێژووییەکان لەو کاتانەدا دەبنە سەنگی مەحەکء بارزانی نەمریش لەریزی پێشەوەی ئەو رابەرانە بووە کە هەرگیز بێ هیواو بێ ئومێد نەبووەو بەدەستپێکردنی کاروانی ئاراس، لەنێو چری تاریکی شکستدا، مۆمێکی تری بۆ سەرکەوتن داگیرساند.**

2- **برینی سنووری چوار دەوڵەتی هەرە بەهێزی ناوچەکە بەسەرکەوتوویء گەیاندنی کاروانی پەیامی کوردایەتی بەرووباری ئاراسء دەرباز بوونیان بۆ دیوی یەکێتی سۆڤیەت، دونیای سەرسام کردو ئەم رەوە سیاسیە بەگەورەترین داستانی دیرۆکی سەربازیء سیاسی ء ئەویندارای نیشتمانی دادەنرێتء**

رەنگە پێنووس لەئاست گەورەیی گیانی کوردایەتیء بەرخودانء گیانی بەرەنگاری بەرامبەر بە(مستحیل) داماو بێتء نەتوانێت پێناسی پێویستء شایستە بۆ رابەرو هەڤاڵەکانی بکات.

3- مرۆڤ کاتێک ئەو پەرتوکە دەخوێنێتەوە جارێکی تر رۆڵی شۆڤینیانەی نەژاد پەرستە تورکەکان لەدژایەتیکردنی کوردو بزووتنەوەکانی باشتر بۆ رۆشن دەبێت، ئەوەتە(باگیرۆڤ) کە پیاوی دووەمی دەوڵەتی سۆڤیەت بوو بەهەموو تواناکانی خۆیەوە دژایەتی بارزانیء هەڤاڵەکانی دەکاتء هەر بەنەخشەی ئەو، بارزانیەکان گشتی پەرتەوازە کرانء بارزانی نەمریش لەهەڤاڵەکانی جودا کرایەوەو سیاسەتێکی دوژمنکارانە بەرامبەر بەکورد پیادەکرا.

4- بارزانی نەمر ئەگەرچی لەهەڤاڵەکانی جیا دەکرێتەوەو هیچ پەیوەند ییەک لەنێوانیان نامێنآ، بەلام هەر لەرۆڵی رابەرایەتی خۆی ناکەوێت . ئەگەر لەشێوەشدا مرۆڤێکی سادەو ئاسایی ژیاوە، لەهزرو کردەوەکانی وەک سەرکردەی کورد مامەڵەی دەکردو هەرگیز خۆی بەلاواز نەهاتۆتە بەرچاوو بەردەوامیش بووە لەخەبات. ئەوەتە لەو کاتء ساتە بەرتەنگەدا خۆی گەیاندۆتە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی کرملینء چاوی بەخرۆشۆڤ کەوتووەو قەناعەتیشی پێهێنابوو کە کێشەی کورد رەوایەو بەکرێگیراوی هیچ کەسێکیش نیەء پێویستە پشتیوانی لێبکرێت، ئەوەش نیشانەی هێزو تواناو حیکمەتی دپلۆماسی بارزانی بوو، ئاخر گەلێکی داگیرو دابەشکراوی ژێر دەستەی بآ پاڵپشتء دەورە دراو بەدوژمن ئەگەر خاوەنی رابەرێکی وەک بارزانی نەبوایە ئەوا چۆن دەتوانرا دەنگە کپ کراوەکەی بگەیەنێتە کۆشکی کرملینء پاڵپشتی بۆ دەستەبەر بکات؟

بۆیە پێویستە گەلی کورد نەک هەر ئەو رابەرە نەمرە لەیاد نەکات . بگرە پێویستە نەوەکانی ئەمرۆ و ئاییندەش ئاگادار بکرێتەوە لەوەی کە پێویستە شانازی بەخۆیانء گەلەکەیانەوە بکەن کە خاوەنی باوکێکی رۆحیء سەرکردەیەکی دیرۆکی وەک بارزانی نەمرن.

لێرەدا لایەنەکانی تری ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە بۆ خوێنەران بەجێدە هێڵین بۆ ئەوەی بەباشیء بەوردی بیخوێننەوەو لەسەر پەندو وانە مێژووییەکانی هەڵوەستە بکەنء سوودی لێوەربگرن.

بەهیواین ئەم پەرتووکە کەلێنێک لەپەرتووکخانەی کوردیمان پڕ بکاتەوە.

هەر شاد بن

مەکتەبی رۆشنبیریء راگەیاندن

لقی دوو

2007/11/15

دۆسیەی بارزانی
له سندوقی پۆلاینی ستالیندا

وه زیریَ ئەشۆ

هەرچەندە مەلا مستەفا بارزانی نەمر ، كاروچالاكیە گەورەكانی لە جیهاندا بەگشتی دەناسرێت و دەنگی داوەتەوەو ناوە خۆشەویستەكەی لەسەر زاری منداڵانی كورد نەكەوتووە،تا ئێستاش لەنێو گەلی كورد و جیهان بە گشتی وەک پارادۆكس سەیر و سەمەرەكانی ئاشكرا دەبێت ،بەتایبەتی ئەو چەند ناسراوە ،هێشتاماوە بناسرێت . ڕاستتر ئەوەیە بڵێین لەبەر هۆكاری ئۆبژەكتیف سەرجەم ژیان و كارو چالاكیەكانی وەكو پێویست نەخراوەتە روو،هەروالە پێش چاوی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی و كوردیدا لێكدانەوەی شایستەی بۆ نەكراوە.

هەرچەندە لەسەر ژیانی بارزانی نەمرو كارو بارەكانی لە بواری بەڕێوەبردن و سەركردایتیكردنی تەڤگەری ئازادیخوازی كوردا چەند لێكۆڵینەوەو یادەوەری و نووسینی لەسەر بلاَو كراوەتەوە،بەلاَم سەردەمێک لە كارو بارە ئاشكراكانی لە تاریكیدا ماونەتەوە و بەرێكوپێكی تیشكی نەخراوەتە سەرو رۆشن نەكراوەتوە .

قسەكانی من دەربارەی (11) ساڵەی مانەوەی نەمرە لە یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو ، (11)ساڵ بۆ مێژوو كاتێكی زۆر نییە بەلاَم لە ژیانی كەسێكدا كەم نییە ،كێشە ئەوە نییە كە لە ژیانی نەمردا بۆشاییەک درووست بووە ، زوو یان درەنگ ئەو بۆشاییە پڕ دەكرێتەوە ، بەلاَم ئەوەی گرینگە لێرەدا ئێمە ئەو كاتە باس لەكەسایەتی مەلا مستەفا دەكەین. یاخود باس لە چۆنیەتی كاركردنی دەكەین . وەكو ئەوەی ئەو (11)ساڵەی مانەوەی لە سۆڤیەتی پێشوو لەنێو كارو بارەكانی جیا بكەینەوە و ئەو سەردەمەشی وەكو بۆشاییەک و راوەستانێک لە كارو بارەكانیدا ببینین... بەلاَم بە رای من ئەو تێڕوانینە هەڵەیە و واقیعی نییە ، خەیاڵیەو بیَ بناغەیە. بە پێچەوانەی كارو كردەوەكانی نەمرە ، بەلاَم بە گوێرەی ژیانی ساڵاَنی رابردوو بە تەنها لە نێو چوار چێوەیەكی تاریک و لە هەلَ وَ مەرجێكی خراپ و قورسدا ژیانی بە سەر بردووە .زیاتر لە نیوەی ئەو (11)ساڵە نەمر لەگەڵ هەڤاڵەكانی خۆی ئەوانەی لەگەڵ ئەودا چووبوونە یەكێتی سۆڤیەت ، لەنێو رەوشێكی زۆر گران و پەراوێز خراوی رژێمی ستالیندا بوون. لە كاتی دەسلاَتی ستالیندا وەكو بارزانی نەمر خۆی دەگێرێتەوە، رێگای نەداوە كە دوو بارزانی لای یەكتر بن و لەتەک یەكتری بمێننەوە ، ئەمەش ناخۆشترین و قورسترین رەوش بووە لە سەرجەم ژیانی نەمر و هەڤاڵەكەنیدا.

لەبەر هۆكاری سیاسی رژێمی سۆڤیەت لە نێو ئەو هەموو ساڵەی پەر تەوازەكردنی نەمرو هەڤاڵەكانی ، دواتریش ئەو ساڵاَنەی كە پەرتەوازەكردنیان لەسەر هەڵگرتن ، رێگای نەدا یەک ووشە دەربارەی

ژیانیان لەمید یاکانی یەکێتی سۆڤیەت بنووسرێت ، وا هەڵسوکەوتیان کردووە کە نەمر و هەڤاڵەکانی لەسەر رووی ئەم زەمینە بوونیان نییە و وەک ئەوەی زەوی زەوی لەتبوبێت و ئەوانیش کەوتنە ژێر زەوی ، ئەگەرشتێکیش نووسرابێت ئەوا لەسەر نەتەوەی کورد نوسراوە ، ئەو نووسین و وتارانە زۆر زۆر نهێنی بووە و لە سندوقی پۆلاینی بەرێوە بەران و کارمەندانی سۆڤیەت شاردراوەتەوە . هەرچەندە نەمر لەماوەی پەرتەوازە بوونیان ماوە ماوە بە شێوازی جیا نامەی بۆ ستالین ناردووە .سەبارەت بەو ناحەقی و زوڵمانەی کە لە خۆی و هەڤاڵەکانی کرابوون ، بۆ ئەوەی خۆی و هەڤاڵەکانی رزگار بکات و وەکو سەرکردەیەکی کورد پێشوازی لێبکرێت ، بەلاَم ئەو هیچ وەلاَمێکی پێنەگەیشت . لەبەر ئەمەش نەمر لە چەند ئەگەرێک نیگەران بوو . یەکەم/ئەو نامانەرەنگە نە گەنە دەستی ستالین.
دووەم/رەنگەبگاتە دەستی ستالین ئەو نەخوازێت وەلاَم بداتـــەوە .سێ یەم/رەنگەستالین ئاگاداری چارە نووسی رەوشی ئەوان نەبێت ، چوارەم/لەوانەشەستالین نەخوازێت سەبارەت بە چارە نووسی ئەوان و کێشەی کورد خەریک بێت.
بەلاَم راستیەکەی ئەوە بوو کە دۆسیەیەک دەربارەی نەمر و هەڤاڵەکانی و هۆکاری پەرتەوازەکردن و رەوشی ئەو کاتەیان لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەت (K G B ) کە ئەویش لە نێو ئەو سیستەمەیاندا جێی دەگرت، ئامادە کرابوو ، ئەو دۆسیە ، ستالین خستبوویە نێوسندوقە رەشە پۆلایینە تایبەتیەکەی خۆی ،ئەو سندوقە تەنها دۆکمێنتە گرنکەکانی دەوڵتی یەکێتی سۆڤیەتی تێدا دەپارێزرا.
تەنها ئەوەندەش نا بەڵکو ئەو کاتەی بەر پرسانی (K G B) راپۆرتێکیان دەرهەقی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا، بێ ئاگاداری و داخوازی نەمر بەرز کردۆتەوە ، ستالین دەستووری بەردەوام کردنی ئەو پەیوەندییەی داوە ، ئەویش بە مەرجێک سەرۆکی ئازەربایـنجان میر سەنەر باگیر ۆڤ ئاگاداری ئەو پەیوەندیانەو دەر بارەی جێبە جێکردنی ئەو پەیوەندیانە هیچ ئاگادارییەکی نەبێت . ئەو راپۆرتانە ئاماژە بەمە دەدەن کە دوور خستنەوەی نەمرو هەڤاڵەکانی لە ئازەربایـنجان بە کارێکی گەندەڵی و بە بەرنامەی باگیر ۆڤ و بە دەستی هەندێک لە پیاوانی وەزارەتی ناوەخۆ جێبە جێکراوە . دواتر ئەمە ئاشکرا بووە ستالین ئەوەی لاروون بۆتەوە کە ناحەقی لە نەمرو هەڤاڵەکانی کراوە بە گوێرەی ئەو ئەزموونەی من ،رەنگە ستالین لەناکاودا و لە کاتێکی زوودا رەوشی نەمرو هەڤاڵەکانی گۆرانکاری تیادا بکردبووایە و بەرەو باشتر هەنگاوی بنابووایە و ئەوانی لە ژێر رژێمی پەرتەوازەکردن رزگار بکردایە . بە گوێرەی راپۆرتی بەر پرسانی (K G B) کە زۆریان واقیعی و راستن ، ئەوانەی وەکو جەنەراڵی (K G B) پاڤێل سۆدۆ پلاتۆن کە لە یادەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بەم بابەتە نووسیو یەتی و ئاشکرا دەکات کەسەر باری رێزی بۆ بارزانی ، ئەو وەکو سیاسەت مەدارێکی زاناو دووربین سەیری کردووە .

قولآيی ئەو لێکۆلینەوەیە لەسەر کارو کردەوەکانی بارزانی نەمر لە سۆڤیەتی پێشو چوار چێوەی ئەو لێکولینەوەی منە ، دەرفەت نەبوو بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر بەستنی پەیوەندی نێوان نەمرو باگیرۆڤ هەڵوەستەی زیاتر بکەم ، بەلآم من بە کورتی باس لە دروست بوونی هۆکاری دوژمنایەتی نێوان باگیر ۆڤ و بارزانی قسە دەکەم .

ئەو کاتەی لەشکری سۆڤیەت لە سەردەمی شەری جیهانی یەکەمدا لەگەڵ هێز ە کانی تری رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا رێکەوتن، دوای ئەمە کەوتنە نێو باکووری ئێران بەتایبەتی ئازەربایجانی ئێران و باکووری رۆژهەلآتی کوردستان ، ئەو باگیرۆڤە هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە ئازەربایجان بگەیە نێتە ئازەربایجانی سۆڤیەت ، ئەو کاتە بارزانی نەمر لە سالی (1947) رووی لە ئازەربایجان کرد ، پێش ئەمەش هەستی بە تێروانینەکانی باگیر ۆڤ کرد دەر حەقی ئەوەی کە کۆماری کوردستان بخاتە ژێر سنووری ئازەربایجانی ئێران ، وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، بارزانی زۆر بە توندی دژی ئەو تێروانینەی سەرۆکی ئازەربایجان راوەستاو نەمر گوتی ئەوان میللەتێکی جیاوازن و کێشەی کوردو کوردستان کێشەیەکی جیاواز و سەر بەخۆیە ، ناکرێت رۆژهەلآتی کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و کوردیش مافی خۆیانە کە کۆمارێکی جیاواز و سەر بەخۆیان هەبێت . لەبەر ئەم هەڵوێستانە باگیر ۆڤ ( بارزانی )لە دژی خۆی دیت ، باگیرۆڤ ئەو کات وەکو ستالینی قەفقاسیی دەناسرا . باگیرۆڤ لەسەر ئەو تێروانینەی خۆی لە نێو بەرێوەبەرایەتی کاری فەسادی لە بەرامبەر بارزانی دەستی بەشەرێک کرد ، دەیگوت بارزانی نیازی ئەوەی هەبووە کە رۆژێک لەگەڵ چەکدارەکانی خۆی سنوورەکانی لەگەڵ ئێران ببەزێنێ وبچێتە کوردستان ولەوێدا ئەمارە تێکی کوردستان بە سەرۆکایەتی خۆی دابمەزرێنی . ئەمارەتێک وەکو سەردەمی فیودالی ، دەرەبەگایەتی ، کە سۆڤیەت نیگەران بوو لە بەرامبەری،

هەرچەندە ئەو تێروانینانەی باگیرۆڤ زۆر لۆژیکی نەبوو بەلآم لە هزری هەنێک لە بەر پرسانی (K G B) شوێنی خۆی کردبۆ وە . بۆ ئەوەی رێگا لەم بارو دۆخە بگرن بەناوی باگیرۆڤ بریاریاندا بارزانی و چەکدارەکانی لە سنووری ئێران یاخود سنووری کوردستان دوور بخەنەوە . لەبەر ئەمەش ئازەربایجان و هەردوو بەشی کوردستان باکوور و رۆژهەلآت کە لەسەر سنووری یەکتردا بوون (باکوور لەگەڵ کۆماری ئازەربایجانی ئۆتۆنۆمی) بۆ ئەوەی رێگا لەم مەترسیانە بگرن بریارێندا نەمرو هەڤاڵکانی لە چیا بگوازرێنەوە بۆ کۆمارێکی ئاسیای ناوینا ئەویش ئۆزبەکستان بوو ، تا لە سنوورەکانی کوردستان دوور بخرێنەوە ، باگیر ۆڤ لەم بوارەدا سەرکەوت و گەیشتە مەبەستەکەی . بە داخەوە لەبەر ئەوەی نەمر وەلآمی نامەکانی لەستالین بەدەست نەگەیشت هەروەکو چۆن لەسەرەوە باسم کرد ، نەمر ئازارێکی زۆری چەشت و نیگەران بوو . نەمر تاکۆتایی ژیانی هەستی نەکردووەو نەیزانیووە کە ستالین ئاگاداری رەوشی ئەوان و هەڤاڵەکانی بووە ، ستالین خۆی دەستووری داوە بە سازدان و بەستانی پەیوەندی هەمووی داوە تە دەستی (K G B) هەڵبەتە من نامەوێت و داخوازی

ئەمەش ناکەم کە تەنها بۆ ئەم هەڵوێستە لە ستالین ببورین لەبەر ئەوەی ئەمە سەلمێنراوە ئەگەر ستالین رژێمێکی دیکتاتۆر و تۆلیستیاری دروست نەکردبووایە ئەوا باگیرۆڤ نەیدەتوانی نیازە خراپەکانی بە ناهەق لە بەرامبەر نەمر سەری نە دەگرت ، ئەگەر دیکتاتۆر نەبوایە سیاسەتی پەرتەوازەکردنی لە دژی نەمر و هەڤاڵەکانی پەیرەو نەدەکرد ، بە شێوەیەک ئەوانە تاوانباری سیاسیان دروست نە دەکرد . من لەلایەنی زەمینیەوە ویستم ئەو هۆکارانەباسبکەم و بخەمە پێش چاوان لەبەر ئەوەی تا ئێستا بۆ شاییەک درووست بووە لە تیشک خستنە سەر و رۆشنکردنەوەی کارو چالاَکیەکانی نەمر لە ماوەی (11) ساڵەی مانەوەی لە سۆڤیەت لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەشێکی کەمی بەڵگەو دەلیل و ئیسپاتیان لەسەر ژیان و کارو چالاَکیەکان لەوێدا ئاشکرا بووە. جگە لەمەش دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (2002) سەردانی هەرێمی کوردستانم کرد. لەوێدا چاوم بە دووبەرگی لێکۆڵینەوەی جەنابی مەسعود بارزانی کەوت دەربارەی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد و بارزانی . لە نێو ئەو دوو بەرگەدا چەندین بەڵگەو سەلمێنراوی زۆر گرنگی تێدایە لەسەر ژیان و خەباتی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت ، بەتایبەت نامەی نەمر بۆ باگیر ۆڤ ، لەبەر ئەوەی من بریارمدا لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدەم لەسەر ژیان و کارو چالاَکیەکانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو . لەم بوارەدا رەوشی من وەکو لێکۆلەرەوەیەک لە زۆر رووەوە لە هەندێکی دیکە باشترە ، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک...

یەکێک لەم هۆکارانە ، من پسپۆری مێژووی کوردستانم ، دووەم من پسپۆرم لە مێژووی یەکێتی سۆڤیەتدا ، زانیاریم لەسەر سیستەمی سۆسیالیستی هەیە ، ئەمەش سەرکەوتنی من لە چاو ئەو مێژوو نووسانەی دیکە دیار دەکات کە لە دەوری یەکێتی سۆڤیەت پەروەردە کراون و ژیانیان بەسەر بردووە ، هەرچەندە ئەوانە لەمن زیرەک ترن و شارەزاییان لەسەر مێژوو زیاتر بێت ، بەلاَم وەکو من نەیانتوانیووە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر ئەو بابەتە بکەن ، خاڵی سێ یەمیش ئەوەیە من هەندێک زانیاریم لەسە زاری ئەو هەڤاڵانەی نەمر بیستووە ، بەتایبەتی ئەوانەی لە کاتی سەردانەکەی نەمر بۆئەرمەنستان ، بەتایبەتی لە دوو گوندی ئەرمەنستان کورد هاتبوون بۆ دیتن و گوێبیستی نەمر .

بەڵێ کەمی بەڵگەو سەلمێنراو لەسەر ژیان و کارو باری نەمر لە سۆڤیەتی پێشوو وەکو دیرۆکی کوردستان ، مێژووی ژیانی نەمر کارو چالاَکیەکان لەم وولاَتە بێ داخوازی خۆی یاخود بە داخوازی خۆی . بە ئیرادەی خۆی یاخود لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی ، یاخود لەبەر کەمزانی لەلایەن هەندێ کەسەوە گۆرانی تیا کراوە ، بە گوێرەی ئەمەش بەهەڵە نووسرانەوەی . مەسەلەی چوونی نەمر لەگەڵ هەڤالەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت نموونەیەکە لە مانە.

کۆمیتەی رێکخستنی ناو نەتەوەیی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە رۆژهەلاَتی ناوین بەناوی (Homan Rights Watch) لە بواری لایەنگری بۆ تەڤگەری ئازادیخوازی کورد گومانی لێ ناکرێت لە نێو راپۆرتێکی خۆیدا نووسیوویەتی کە کۆماری مەهاباد تەمەنی تەنها یەک ساڵی خایاند

، دوای ئەوە بارزانی لەگەڵ خۆیدا چەند هەزار لە بەشداربووانی ئەو سەر هەڵدانە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت  رۆیشتن . لێرەدا دوو هەڵە هەیە بارزانی نەمر لەگەڵ (500) چەکدار و بە بەرنامە بۆ یەکێتی سۆڤیەت رۆیشت .

ئێستا سەرنجتان بۆ ئەم خاڵە ڕادەکێشم  ئایا بارزانی نیازی چی بوو لەکاتی رۆیشتنی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت ؟ بۆچی بارزانی بەتەنها نەرۆیشت و (500) چەکداری لەگەڵ خۆی برد ؟ بارزانی وەکو سیاسەتمەدارێکی دووربین بەتایبەتی دوای سەر نەکەوتنی سەر هەڵدانی سالآنی 1943 - 1947 لە باشووری کوردستان و درووست بوونی ئاڵۆزی و دواتریش دیتنی ئەو مەترسیانە لە بەرامبەر دامەزراندنی کوَماری مەهاد لە رۆژهەلاَتی کوردستان ، نەمر گەیشتە ئەو قۆناغەی کە کورد دەتوانن تەڤگەری ئازادیخوازو تێکوَشانیان بە سەدان ساڵ لە چیا بەرزو سەختەکان بەردەوام بێت و تێکنە شکێن . بەلاَم سەرکەوتن بە بیَ بوونی پشتگیرییەک بەتایبەت لەلایەن دەوڵەتێکی گەورە و بەهێز کارێکی مومکن نییە . لەبەر ئەمەش نییە کورد بەهێز نین و قارەمان نین .بگرە لەبەر ئەوەی هێزی چەکداری دوژمنانی داگیر کەری کوردستان بە دەیان جار ئەگەر نەڵێین زیاتر لە دەیان جار لە هێزی چەکداری کوردان زیاترە. ئەوان سنووری دەوڵەتەکەیان کراوەیە ، بە هەموو شێوەیەک دەتوانن چەک بکرن و پەیدا بکەن . بەلاَم کورد هەر چوار دەوری گیراوە . بە دەست خستن و هێنانی چەک بۆ کوردان کارێکی زۆر ئەستەمە . بارزانی نەمر یەکێتی سۆڤیەتی بەم دەوڵەتە گەورە حساب دەکرد،کەدەکرێت هاوکاری کوردستان بکات . چونکو سنووری لەگەل کرودستان لەسەر یەکترن .

هۆکارێکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی یەکێتی سۆڤیەت وەکو پشتگیریەک بۆ تەڤگەری کوردان لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندبوو ، ئەگەرچی زۆر بە ئاشکرا نەبوو .

ئەویش لەسەر هەندێک هۆکاری سیاسی ، روونتر بڵێین لە ترسی خراپبوونی پەیوەندی لەگەڵ دراو سێکانی بەتایبەت ئێران و تورکیا . لەم دەر فەتە کورتەدا من ویستم بە کورتی لەسەر ئەو تێڕوانینە چەوتانە بووەستم سەبارەت پۆزسیۆنی  ئاسایی یەکێتی سۆڤیەت کە گوایە کۆماری کوردستان بەدەستی ئەو دروست کراوە . بەلاَم دواتر یەکێتی سۆڤیەت خیانەتی لەکوردان کردووە و دواتر ئەوانی بە جێهێشتووە و هێزەکانی لە کۆماری کوردستان کێشایەوە و کوردستانیش بەتەنها رووبەرووی هێزەکانی ئێران مایەوە .

یەکەمین هەڵەی ئەو تێروانینە ئەوەیە کە بەراستی لەشکری یەکێت سۆڤیەت نەکەوتۆتە خاکی هەرێمی مەهاباد ، ئەوان لەوێدا دوور بوون . لە باکووری ئەو هەرێمە هێزەکانیان جێگیر بوون و لە ئامادە باشیدا بوون لە بەرامبەر هێزەکانی ئینگلیزو ئەمەریکا .

لەشکری سۆڤیەت تا هەرێمی مهاباد نەهاتبوو بەڵکو لە باکووری رۆژهەلاَتی کوردستان جێگیر کرابوون . بەمشێوەیەش بەشێکی زۆری خاکی رۆژهەلاَتی هەرێمی کوردستان لەنێویشیدا هەرێمی مهاباد وەکو

ناوچەیەکی ئارام لە نێوان لەشکری ئینگلیز و ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا بوو . بەلاَم پەیوەندی هات و چۆی سەر لەشکرەکانی سۆڤیەت لە ڕێگەی خاکی هەرێمی مهاباد دابوو . لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی هێزی لەشکر و پۆلیس و کارمەندی دەوڵەتی ئێران ناوچەی نێوان ئاوەربایەنجانی ئێران و باکووری ڕۆژهەلاَتی کوردستانیان چۆڵکرد... ئەمەش دەرفەتێکی بۆ کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕەخساند بۆ ئەوەی ئاوات و مەبەستە لەمێژینەکانی خۆیان جێبە جێ بکەن و تا لەژێر دەسەلاَتی ڕژێمی ئێران ڕزگاریان بێت . ڕووداوەکان بەمشێوەیە بوو ، نەک وەک یەکێتی سۆڤیەت خۆی کۆماری کوردستانی لە مهاباد دروستکردبێت . یاخود وەکو دەڵێن بە ئامادە کراوی پێشکەشی کوردانی کردبێت.
ڕاستیەکەی ئەمەیە کورد خۆیان ئەمەیان دروستکردووە . شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کوردان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕەوشی ناوەخۆی گەلی کوردی ئامادەکرد . ڕاستیەکەی ئەوە نییە وەکو خەڵک دەڵیت سۆڤیەت کۆماریان بۆ کورد دروستکردووە . بەلاَم ئامادە بوونی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە باکووری ڕۆژهەلاَتی کوردستان و دەرکەوتنی هیزەکانی دەوڵەتی ئێران لەسەرجەم کوردستان وەکو گوتمان دەرفەتیکی ڕەخساند بۆ ئەوەی کورد خەیاڵی سەردەمە دوورو درێژەکان جێبە جێبکەن .
دوای ئەوەی ئەمەریکا و ئینگلیز داوایان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد ئەویش وەکو ئینگلیز هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە لەبەر ئەمەش یەکێتی سۆڤیەت ناچار بوو ئەو داخوازییەیان جێبە جێبکات و کۆماری کوردستان لە پاراستنی لە شکری سۆڤیەت هەرچەندە ئەوان لەم ناوچەیەدا نەبوون ، بێ بەش بوو ، ئەو کاتە کۆماری کوردستان ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی بۆوە .ئەو کاتەی لەشکری سۆڤیەت لە نێوان ئازەربایەنجانی ئێران و باکووری ڕۆژهەلاَتی کوردستان دەرکەوتن و لەشکری دەوڵتی ئێران هێرشیان کردە سەر ئەو هەرێمە و دواتر لە کۆماری کوردستان دەسەلاَتی ڕژێمی شای ئێران سەر لە نوێ خۆی ڕێکخستەوە و تۆڵەی ئەو دەرکەوتنەیان لە کوردان و ئازەربایەنجانی ژێر دەسەلاَتی ئێران کردەوە و ئەمەشیان وەکو خیانەتێک لە قەڵەمدا لە بەرامبەر دەوڵەتی ئێران .لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بارزانی نەمر لەگەڵ هەزاران لە چەکدارەکانی لە باشووری کوردستانەوە هاتبووە مهاباد وخۆی و چەکدارەکانی خستبووە ژێر خزمەتی کۆمارەوە . هەروەها بووە فەرماندای گاردی کۆماری ئەم لەشکرە هەڵبژێردراوەی کۆمار کەزۆربەی لە پێشمەرگەکانی بارزانی پێکدەهات . نەمر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەهێز کردن و پاراستنی کۆمار . ئەو کاتەی لەشکری ئێران هێرشیان کردە سەر کۆماری کوردستان و سزادانی کوردەکانی ئەو ناوچەیە.. .
سەرۆک کۆماری قارەمان قازی محمد گۆرەکەی بەهەشتبێ ، بڕیاری دابێت بە قوربانی گەلەکەی وخۆی تەسلیمی ڕژێمی ئێران بکات . بەمەبەستی ڕێگە گرتن لە تۆڵە سەندنەوەی خەڵکی مهاباد . ئەو دەیزانی ئەگەر ئەو تەسلیمی ڕژێمی ئێران نەبێت ئەو ڕژێمە تۆڵەی خۆی لە خەڵکی سڤیل دەکاتەوە .پێشی وابوو خۆڕاگری کوردان لە بەرامبەر لەشکری گەورەی ئێران مومکین نییە ... هەرچەندە مەلا مستەفا ئەو ڕاستیەی باش دەزانی، بەلاَم لەگەڵ ئەمەش ویستی خۆی و پێشمەرگەکانی بخاتە خزمەت

پاراستنی کۆمار . بەلاَم قازی محمد بەم کارە رازی نەبوو .لەو کاتەدا بارزانی نەمر بڕیاریدا لەگەڵ هەندێک لە پێشمەرگەکانی بچێتە یەکێتی سۆڤیەت بۆ قازانج کردنی پشتگیری زیاتر بۆ تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان . دوای ئەوەی قازی محمد ئامادە نەبوو لەگەڵ مەلا مستەفا بچێتە سۆڤیەت لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کرد . لەوکاتەدا قازی محمد هەر خۆی ئالاَی کوردستانی وەکو سەمبولی ئازادی و سەر بەخۆیی کۆماری کوردستان کە لەسەر بینایەی کۆمار هەڵیدا بوو ، دایە دەستی بارزانی نەمر و پێیووت ...هەر تۆ دەتوانی ئەو ئالاَیە بەرز بپارێزی و جارێکی دیکە سەمبولی ئازادی و سەر بەخۆیی کوردستان بەرز بکەیتەوە ، دوای ئەمەش خوا حافیزیان لە یەکتری کرد .

بارزانی نەمر ڕێگایەکی دوورو درێژی بری ،وەکو مەسعود بارزانی دەڵێت ئەم ڕێگایە مێژووییە لە باشووری کوردستان بۆ رۆژهەلاَتی کوردستان و تا دەگاتە سەر سنووری یەکێتی سۆڤیەت لە کەناری رووباری ئاراس و دوای رووبە روو بوونەوەیان لەچەند شەرێک لەگەڵ لەشکری شا کە کەوتبووە دوای ئەوان .بەلام نەمرسەرکەوتوانە گەیشتە سۆڤیەت . مۆسکۆ دوو دڵ بوو لە وەرگرتن و قبوڵکردنی بارزانی نەمر و (500) لەشکری لە وولاَتی خوَیدا . بەلاَم دوای ئەوەی ئەوان گەیشتنە کەناری رووباری ئاراس لەوێدا جێگیر بوون مۆسکۆ بڕیاریدا وەریان بگرێت و دەربازی خاکی کۆماری نەخیچڤانی ئۆتۆنۆمی بوون کە دواتر بووە کۆماری ئەرمەنستان . ئەو کات بە بەشێک لە کۆماری ئازەربایبنجان حیساب دەکرا . لێرەدا جارێکی تر نەمر خەمخۆری خۆی بۆ پێشمەرگەکانی دیار کردو ، دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی لە ئاوی رووباری ئاراس پەڕاندەوە ، ئینجا خۆی کەوتە نێو رووبارەکە و دەربازی ئەو دیوی رووبارەکە بوو، گەیشتە هەڤاڵەکانی . ئیتر لەو رۆژەدا هەر وەکو لەسەرەوە باسمان کرد تێکۆشانی بارزانی نەمر دەستی پێکرد لە نێو یەکێتی سۆڤیەت بۆ قازانج کردنی پشتگیری زیاتر بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازی کوردستان .

بارزانیەکان لە دەورووبەری کوردستانی سووری پێشوو نیشتە جێبوون . دواتر لەسەر داخوازی مۆسکۆ نزیکی پایتەختی ئازەربایبنحان (باکۆ) نیشتە جێکران ،تا ماوەیەکیش چەکەکانیان لێوەرنەگیرا بوو ، لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕێگەی پسپۆرانی سەربازی یارمەتیان دەدرا بۆ ئەنجامدانی هەندێک مەشقی سەربازی و دەریاوانی . بەلاَم دوای ئەوەی بارزانی لە دژی تێروانینەکانی باگیرۆڤ لە بەرامبەر تەڤگەری کوردی ئازادیخواز و نیاز و مەبەستەکانی بە توندی راوەستا ، نەمر و هەڤاڵەکانی رەوانەی کۆمارێکی ئاسیای ناوین ئۆزبەکستان کران و سیاسەتی پەرتەوازەکردن بە تەوای لەسەریان جێبە جێدەکرا . بە گوێرەی ئەم سیاسەتە دوو بارزانی لەلای یەکتری نە هێشتەوە ، هەریەک لەمانە رەوانەی گوندێک کرا . نەمریش بەبێَ هەڤاڵ و هۆگر لە گوندێک و لای کۆمپانیایەکی کوڵخۆز بەجیَ کرا . ئەو کاتە نەمر بۆ بەردەوامکردنی ژیانی ئا بووری ناچار بوو لەم کۆمپانیایە کاربکات . لێرەدا شتی زۆر زەحمەت و قورس دیار نەبوونی چارەنوسی خۆی و هەڤاڵەکانی بوو .دەستووریان نەدا نەمر و هەڤاڵەکانی لە شوێنی نیشتە جێکردنیان دەر بکەون و بێنە لای یەکتر ...وێرای کێشەی ئابووریش

که کارێکی زۆری لەوان کرد ،مەسەلەی بێ هیوا بوون لە هەمووی قورستر بوو ، لەمانە لە هەمووی گرنگتر رەوشی بارزانی نەمر بوو ، لەبەر ئەوەی نەمر خۆی بەبەرپرس دەدیت لە بەرامبەر هەڤاڵەکانی ، خۆی وەکو هۆکاری غەریب مانەوەی ئەوان دەدیت لەژێر سیستەمی پەرتەواز کردنیان . بەڵام نەمر بە ئیرادە بەهێزەکەی خۆی راگرت ولێنەگەرا هەڤاڵەکانی توشی بێ هیوا یی و رووخانی ورە ببن.

دوای مردنی ستالین لە ساڵی (1953) سەردەمەکە گۆرا و سیاسەتی پەرتەوازەکردن و کۆنترۆڵ کردن لەسەر بارزانیەکان هەندێک سووککرا ، نەمر بریاریدا ئەو رەوشەو ئەو دەرفەتە بەکاربهێنێت. بۆ ئەمەش بەپێویستی زانی بچێتە مۆسکۆ و خۆی و هەڤاڵەکانی لەم رەوشە قورسەدا رزگار بکات بەم شێوەیەش نیازی هاتنی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بپێکێت . هەرچەندە ئەو کۆنترۆڵە بە گشتی سوکرا بوو بەڵام لەسەر بارزانی هەر مابوو .

نەمر ویستی سەردانەکەی بۆ مۆسکۆ بەشێوەیەکی وەهائەنجام بدات کە کەس هەست پێنەکات و سەردانەکەی تێکنەدات ، ئەو کات وەکو ئێستا گەشت و گوزار شتێکی ئاسایی نەبوو ، لەبەر ئەمەش کۆنترۆڵی هات و چۆی خەڵکی بە فرۆکە زۆر کەمبووە ، ئەو کات بۆ سەفەر کردن تەنها کرینی پلیتی فرۆکە بەسبوو ، وەکو دوور خراوەکان نەمر پاسەپۆرتی نەبوو ئەمەش گرفتێکی گەورە نەبوو ، لەبەر ئەوەی بۆ کرینی پلیتی فرۆکە پاسەپۆرت پێویست نەبوو ، تەنها بۆ سەفەر کردنی نەمر پێویست بوو جل و بەرگی تازە بکرێت ، نەمر دوای کرینی جل و بەرگی پێویستی ئەو کات ،بە یارمەتی هەڤاڵەکانی بەتایبەتی ئەوانەی شیشان کارەکەیان بۆ نەمر ئاسانتر کرد ، نەمربە فرۆکە فری و گەیشتە مۆسکۆ . ئۆرگانەکانی ئاسایش و بەرێوەبەرایەتی سۆڤیەت هەستیان بە سەفەرەکەی نەمر بۆ مۆسکۆ نەکرد،بۆیە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت بارزانی لەدەرگای (spasskiy) چووە حەوشەی کرملین. بەڵێ ئەوکرملینەی شوێنی مانەوەو کارکردنی سەرۆک و رابەرانی سۆڤیەت بوو. ئەو کاتە چۆلەکە بە چۆلەکایەتی خۆی نەیدەتوانی لەسەر دیوارە ئەستوور و بەرزەکانی کرملین بفرێت . لەبەر ئەوەی پاراستنی ئەمن و ئاسایش ئەوەندە بەهێز بوو ، دانیشتوانی مۆسکۆ و میوانەکانی ئەوشارە جەسارەتی ئەوەیان نە دەکرد نزیکی ئەو دەرگایە بن .

لە بیر مەکەن کە سەردەمێک لە ئەنجامی فەرمان رەوایی و زوڵمەکانی رژێمی ستالین ، هەر دەرکەوتنێک لەناو کرملین ترسێکی زۆری دروست کردبوو ، لە دوای مردنی ستالین ئەو ترسە هەر مابوو ، یەکەمجار و دواجار مرۆڤێکی بەمشێوەیە پەیدا دەبێت کە جەسارەتی ئەوەی دەکرد هەنگاوێکی بەمشێوەیە بهاوێژێت . نەمر لەبەر ئەوەی دەیزانی رسکێکی گەورەی لەبەر دەمدایە ، پێویستە بە جەسارەتەوە هەنگاو بهاوێژێت .لەگەل ئەمەش دەیزانی دەسلاَتداران هەست بە هاتنی بکەن بۆ مۆسکۆ ، ئەوە جارێکی دیکە بەرەو شێنی خۆی دووری دەخەنەوە ، بۆیە کاری دەکرد هەرچی زووە لەگەل بەر

پرسانی سۆڤیەت کۆبوونەوەیەک ئەنجامبدات ، بەلاَم ئەو کات ئەو دیدارانە زۆر زەحمەت بوو ، ئەگەر نەلێین کارێکی موستەحیل بووە .
نەمر دەیزانی ئەگەر ئەو سەدایەک بۆ سەردانە بیَ دەستووریەکەی لە نێو حەوشەی کرملین دا دورست نەکات و دەنگێکی گەورە پەیدا نەکات.. ناتوانێت بەرێوەبەرانی سۆڤیەت ناچار بکات تا پێشوازی لێبکەن . هەوڵەکانی بارزانی گەیشتە ئەوئاستەی کە بەر پرسانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و بەتایبەتیش سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکی حکومەتی سۆڤیەت (نکیتا خرۆشرۆڤ )پێشوازی لێبکەن . ئەو دیدارەی بارزانی نەمر ، ڕێگای ئەوەی کردەوە کە تێروانینە چەوتەکانی پێشووی حکومەتی سۆڤیەت لەسەر تەڤگەری ئازادیخوازی کورد نەمێنێت و بیانگۆڕێت و بیانگەینەتە ئەو ئاستەی کە خۆی مەبەستیتی .
نەمر بەتایبەتی بڕوای بە خرۆشرۆڤ هێنا کە تەڤگەری ئازادیخوازی کورد نە فیوداڵە نە سیخورە ، لەبەر ئەوەی پێشتر بەبیَ هۆ ئەو مۆرەیان لە جولانەوەی کوردان دابوو ، بەتایبەتیش بە دەست پێشخەری تورکیا و باگیرۆڤی ئازەربایتجان و وەزیری کارو باری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ڤیا سیلاڤ مۆلۆتۆڤ لە ساڵ (1947) ئەو لێکدانەوە چەوتانە دەهاتە ئەو مانایەی کە گەلی کورد دەخوازن ئەمارەتێکی کوردان لە شێوەی ئەمارەتەکانی دەرەوەی ناوین دابمەزرێنن ، بۆ سەرکەوتنیان لەم کارەدا ئەوان ئامادەن ببنە سیخوری ئیمپراتۆری رۆژ ئاوا ، وەک چۆن دەوڵەتی سۆڤیەت دەوڵەتان رۆژ ئاوای ناوزەند دەکرد ، ئەو ئیمپراتۆرە دەخوازێت بە دەستی کوردان زرەر بداتە یەکێتی سۆڤیەت ،
هەرچەندە ئەم تێروانینە بەلای راستیدا ناچێت ، بەلاَم رژێمی ستالین بڕوای خۆی لەسەر ئەو ئەساسە بە ئاشکرا پەیرەو دەکرد ، نەمر ئەوەی ئاشکرا کرد کە کوردی باشووری کوردستان (ئێراق) بەرێبەرایەتی تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی بەسەرۆکایەتی خۆی ، ئەو بەمشێوەی دیموکراسیانە کار دەکات ، بە دامەزراندنی پارتی دیمکراتی کوردستان لە ساڵی (6194) دەخوازن لە بن دەستی رژێمی ئێراقی دواکەوتوو و نەژاد پەرستی رزگاریان بێت .
نەمر هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئینگلیز پشتگیری لە رژێمی ئێراق دەکات لەبەر ئەوەی ئینگلیز ئەو وولاَتە وەکو کۆلۆنیەکی خۆی دەبینێت ، بۆیەش بە ئاشکرا یارمەتی دەدات . لە دژی تەڤگەری کوردان تەنها بە چەک پشتگیری لەو رژێمە ناکات ،بەڵکو هێزە چەکدارەکانی بەشداری لەسەر کوتکردنی سەر هەڵدانی کوردان لە سالاَنی 1943 - 1945 کردووە . نەمر گوتی ئێمە راستەوخۆ شەڕمان لەگەڵ ئینگلیز دەکرد دەوڵەتێکی ئیمپریالیست ، ئیتر چۆن دەبێت ئێمە کاری سیخوری بۆ رۆژئاوا بکەین ؟ بارزانی نەمر بەرێبەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی راگەیاند کە ئەو و پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کاتێک کۆمۆنیست نەبووە . بەلاَم ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت وەکو گەلانی رۆژهەلاَتی ناوین پشتیگیری لە گەلی کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازەکوی بکەن ، ئەوە کورد ئامادەن هەموو کات بە راستگۆیی متمانەی خۆیان بەوان بسپێرن . ئەو راستگۆییەی بارزانی نەمر لەلایەن بەرێوەبەرایەتی

یەکێتی سۆڤیەت پێگەی زیاتری بۆ بارزانی و گەلی کوردی ئازادیخواز بە سەرۆکایەتی بارزانی قازانج کرد ، سەرباری ئەمەش دۆستایەتی لەگەڵ خرۆشرۆڤ پەیدا کرد .
من لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی ئەو ڕاستیە بکەم و بڵێم کە دەتوانین خرۆشرۆڤ وەکو سیاسەتمەدارێکی واقیعی و دووربین ناوزەندی بکەین ، ئەمەش دێتە ئەو مانایەی کە خرۆشرۆڤ سیاسەتەکانی لەسەر هەستی و نەستی خۆی بنیاد دەنا جگە لە پێداویستیەکانی سیاسەت و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بالاَی یەکێتی سۆڤیەت ، خرۆشرۆڤ ئەو تایبەتمەندییەی خۆی تا کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی و بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت لە ساڵی (1964) پاراست و بە ئاشکراو بیَ منەت پشتیگری لە تێکۆشانی گەلی کورد و لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر دەکرد . ئەویش بە خستنە ژێر پێی هەندێک لە بەرژەوەندییە سیاسیەکانی . ڕاستتر یاخود ڕوونتر بڵێین ئەم هەڵوێستەی خرۆشرۆڤ هیچ کاتێک جێگای دڵخۆشی دراوسێکانی بەتایبەت تورکیا و ئێران نەبووە ، وێڕای ئەوەی ئەوانەشی زۆر نیگەران کردبوو .
ئەو کاتەی لەساڵی (1963) سەرهەڵدانی کوردان لە باشووری کوردستان سەر لەنویَ دەستپێیکرد و گەشایەوە ، ڕژێمی ئێراق هێرشی کردە سەر کوردان ، ئەو کاتە حکومەتی سۆڤیەت دەستووری بە کوردەکانی وولاَتی خۆیدا بە ئاشکرا پشتگیری لە تێکۆشانی برایەکانی خۆیان بکەن بەتایبەت لە ڕێگەی میدیاوپەخشی ڕادیۆی یەریڤان بەزمانی کوردی . چۆن ڕووناکبیرە بەناو بانگەکانی کورد و خوێندکارانی زانکۆی یەریڤان ئەو کاتەی دەستووریان پێدرا لە ڕادیۆ قسە بکەن و پشتگیری لەسەر هەڵدانی برایەکانی خۆیان لە باشووری کوردستان بکەن ، ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژووی گەلی کورد دا یەکێتی سۆڤیەت دەرفەتێکیان بۆ دەرەخسێنی ئەوانیش دڵی خۆیان ئارامکرد .
دوای خرۆشرۆڤ هەڵوێستی سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت هێدی هێدی لە بەرامبەر تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد سارد بوَوە و گۆڕانکاری بەسەر هات . بەتایبەت دوای ئەوەی لەناوەڕاستی سالاَنی (1970) ئەو کاتەی سەدام حسێن وەکو جێگری سەرۆک کۆمار بەرەی نەتەوەیی لە ئێراق دروست کرد بە بەشداری پارتی بەعس و پارتی کۆمۆنیستی ئێراق ، ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس پێشنیاری کرد بارزانی نەمر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری شەو بەرەیە بکات و بەڵێنی ئۆتۆنۆمیەکی فراوانی پێدان . بەلاَم نەمر گەڕانەوەی کەرکوکی کردە مەرجێک بۆ سەر سنووری ئەو ئۆتۆنۆمیە بۆ ئەوەی بەشدار بێت لەم بەرەیەدا . بەلاَم ڕژێم ئامادە نەبوو ئەم هەنگاوە بهاوێژێت و کەرکوک بداتە دەستی کوردان لەبەر ئەمەش سەدام هاواری بۆ یەکێتی سۆڤیەت برد تا ئەوان بارزانی ناچار بکەن بکەوێتە نێو ئەو بەرەیە .
بۆ ئەم مەبەستە سەدام سەردانی مۆسکۆی کرد ، سەدام دوای ئەوەی توانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق ڕازی بکات بۆ ئەوەی بەشدار بێت لەو بەرەیە هاوکات توانی متمانەی زیاتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەت بۆ خۆی قازانج بکات ، لەبەر ئەمەش سۆڤیەت لەسەر بارزانی کاری کرد و داوای لێکرد

ئەویش بچێتە نێو ئەو بەرەیەوە ، بەڵام لەم سەرکردانە نەبوو لە پرەنسیپەکانی خۆی بەربدات ، ڕێکەوتنامەیەک بێ کەرکوک ئیمزابکات ، بەم هەڵوێستەی نەمر رووی سیاسەتی سۆڤیەتی لە بەرامبەر تەڤگەری ئازادیخوازی کورد گۆری و کار گەیشتە ئەو رادەیەی لە دۆستەوە بوونە دوژمن. بەڵام چارەسەر کردنی کەرکوکی بۆ ئەمرۆ هێشتەوە . سۆڤیەت بەمشێوەیە پەیوەندی لەگەڵ نەمر بچراند . هاوکات ئەم تێروانینە هەمان تێروانینی پێشووی رژێمی ستالین بوو لە بەرامبەر تەڤگەری کورد ، کە وەکو تەڤگەرێکی فیوداڵ باسیکردبوو ، دووبارەیان کردەوە.

ئێمە دەمانوویست لەم ماوەیەدا بایەخی زیاتر بدەین بە شرۆڤەو هەڵوێستەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ، هەڵوێستیان لە بەرامبەر تەڤگەری کوردی و لە بەرامبەر بارزانی نەمر و تێروانینەکانی ، هەروەها دەمانخواست باس لەم نارازیبوونانە بکەین لە بەرامبەر بارزانی نەمر و کارو کردەوەکانی لە سۆڤیەتی پێشوو ، پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە ئایدۆلۆژیای ئەو پارتە کۆمۆنیستانە لە بەرامبەر تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد لە بەرژەوەندی ئەو هێزانە نەبوو ، بەڵکو ئەو سیاسەتە بەگوێرەی بەرژەوەندی دەوڵەتی سۆڤیەت لە بەرامبەر وڵاتانی داگیر کەری کوردستان بنیاد نرابوو ، ئەمەش لەبەر ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بەرێوەبەری سیاسەتی ئەو پارتانە بوو . هاوکات بە گوێرەی سورشتی بزوتنەوەی گەلێکی ژێردەست وئازادی خواز مامەلەیان نەدەکرد ،بەڵکو بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت و بیروباوەرێکی تایبەت لە بەرامبەر تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد هەلس وکەوتیان دەکرد . دیسان لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵتی سۆڤیەت لەگەڵ سەرجەم پارتە کۆمۆنیستەکان سیاسەتێکی دۆستایەتی باش و هاوکاری وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانیان دەکرد . هاوکات سیاسەتی ئەو دەوڵت و پارتیانە لە دژی بەرژەوەندی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا بوو ، لەبەر ئەوەی ئەو تەڤگەرە لە دژی دەسەلآتداری ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بوو لەسەر خاکی کوردستان . ئەگەر دەوڵەتی سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکەی پشتیگیری لە تەڤگەری ئازادیخوازی دیکەی گەلان دەکرد ...ئەوابەپێچەوانەوە دژی هەر سیاسەتی هاوکاری و دۆستایەتی دەوڵەتانی دراوسێی داگیرکەرانی کوردستان دەردەکەوت . هەڵبەتە ئەمەش لە بەرژەوەندی سۆڤیەتدا نەبوو ، لەبەر ئەوەی سۆڤیەت بە تەنها لە بەرامبەر دەوڵەتە گەورە و بەهێزەکانی رۆژئاوا رادەوەستا هاوکات وەکو ئیمپراتۆر ناوی دەهێنان و سەیری دەکردن ، بەڵام وڵاتانی دراوسێ بۆ پاراستنی سۆسیالیزم لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتە گەورانە خۆیان کردە دۆستی سۆڤیەت، لەم کاتەدا تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردیان کردە قوربانی ئەو سیاسەتە . بەڵام بۆ ئەوەی بە ئاشکرا لە دژی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد دەر نەکەوێت و خۆی لە بەرچاوی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی رەش نەکات ، دەوڵەتی سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی پەردە پۆشکراو سیاسەتی خۆیان لەدژی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد بەرێوە دەبرد . ئەمەش سیاسەتی فریودانی گەلی کورد بوو کە دەوڵەتی سۆڤیەت و پارتە

کۆمۆنیستەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستان بەڕێوەیان دەبرد . هاوکات لە بەرامبەر تەڤگەری ئازادیخوازی کوردان بەگوێرەی ئەو پرەنسیپە سیاسەتیان دەکرد نە شیش بسۆتێ نە کەباب . بەلاّم لەڕاستیدا کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی دەسووتان ..بەگوێرەی بیرو باوە ر و ئایدۆلۆژیای پارتی کۆمۆنیست ، پرس و راوێژیان بە یەکتری دەکرد و یەک هەڵوێستیان هەبوو لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی وولاّتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دە یانگووت با کورد بوە ستن تا لەو وولاّتانە لەسەر دە ستی ئەو پارتە کۆمۆنیستیانە وولاّتێکی کۆمۆنیست دادەمەرزێ.ئەوسا لەسا یەی دە سەلاّتی سۆسیالیستی و لە نێو چوارچێوەی سنووری ئەم ولاّتانە دەگەن بە مافی رەوای نەتەوایەتییان .
بەگوێرەی ئەم بیرو باوەرە کورد مافی جیابوونەوە و جودا خوازی بۆ کوردستان لە وولاّتانی داگیرکەر نەبوو . ئەمەش وەکو پێوانێک سەیر دەکرا بەلاّم پێوانێکی دواکەوتووانە . جگەلەمەش شتێکی سەیرتر ئەوە بوو کە داخوازی کوردان وەکو تێروانینێکی فاشیستی و نەژاد پەرستانە سەیر دەکرا.
بەگوێرەی ئەم ئایدۆلۆژیایە میللەتەکانی داگیرکەری کوردستان مافی بەرێوە بردنی دەولەت و بالادەستیان بەسەر میللەتی کورد هەبوو ، بەلاّم کورد ئەو مافەیان نەبوو، بەگوێرەی ئەم بیرو باوەرە کورد چیان بکردبووایە ، دەبوایە چیی بکەن ؟ تەنها رێگەیەک لەبەردەم کورد مابۆوە ، ئەویش ئەوەبوو کە داوای لێدەکرا لە نێو ریزی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە کاری بکات و لە خزمەتی ئەواندابێت تا دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لەنێو ئەو ولاّتەنەدا ،بۆئەوەی لەسایەی سوسیالیستی دابەخودموختاری شادبن .ئەوانەی بەشێکی زۆریان ولاّتپارێز بوون بەلاّم بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەمە بن بێ ئەوەی ئەنجامی کارەکانیان بزانن ماڵی خۆیان تێکداو خۆشیان کردە قوربانی بیرو باوەری کۆمۆنیستەکان وسەرەنجام بونە لینینی و ترۆتسکی و ماویی و نازانم چی تریش... بەلاّم بەس نەبوونە کورد .
بارزانی نەمر وەکو سیاسەتمەدارێکی دووربین و خاوەن ئەزمونێکی زۆر نەیدەتوانی ئەو ئایدۆلۆژیانە قبوول بکات و پێیان رازی بێت ، منیش لێرەدا بە بیرو باوەرێکی بەهێزەوە دەتوانم بڵێم ئەو سەرۆکێکی هاوچەرخ بوو ، یەکەم کەس بوو کە لە دژی ئەو بیرو باوەر و ئایدۆلۆژیایە راوەستا ، هاوکات زۆر بە جوامێری تێروانینەکانی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت پاراست ، بارزانی نەمر وێرای ئەوەی بیرو باوەری کۆمۆنیستی قبوول نەکرد هاوکات بیرو باوەرەکانی خۆی لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد زاڵ کرد بەسەر بەرێوەبەری کۆمۆنیستەکانی رووسیا و باوەری بەوانیش هێنا .
دەتوانین ئەوە وەکو هونەری سەرکردایەتی لای بارزانی نەمر دەست نیشان بکەین. لەبەر ئەوەی کەس بوێری ئەوەی نەبوو لەچەقی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی مۆسکۆدا تێروانیکی جیاواز بداتە قبول کردن .
ئەم هەڵوێستەی بارزانی پێش هەموو شتێک دەهاتە ئەو مانایەی کە رامان و قسەکانی رۆژئاوا رەتدەکاتەوە کە دەیانگووت بارزانی کۆمۆنیستە ، ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەمەیە کەبارزانی تەنها لەدیدارە داخراوەکانی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی یەکێتی سۆفیەت خاوەن ئەو تێروانینانە نەبوو ،بەڵکو

لە زۆر شوێنی تریش ئەو کاتەی پێویست بووایە بە ئاشکرا تێروانەکانی خۆی باس دەکردو منەتی هیچ کەسێکی نەدەزانی ئەمەش یەکێکە لە نموونەکان .
ئەو کاتەی نەمر لەساڵی 1956 لە مۆسکۆ هاتە ئەرمەنستان لەکاتی سەردانەکەیدا چەندین کۆبوونەوەو دیداری لەگەڵ کوردەکانی ئەرمەنستان ئەنجامدا ، چ ئەوانەی کارمەندی حکومەتی سۆڤیەت بوون چ لەگەڵ رووناکبیرە بەناوبانگەکانی کوردان لە ئۆفیسی رۆژنامەی کوردی بەناوی رێی تازە لەیەریڤان کارمەندێکی پایەبەرزی حکومەتی ئەرمەنستان جێگری یەکەمی وەزیری ئاو (تۆرین سپۆرت و دیرۆک زات ) و نووسەری بەناوبانگی کورد نادۆی فرۆد، بەبارزانییان ووت رێگای رزگاری گەلی کورد بە نێو فەلسەفەی مارکسیزم و لینینزم وئایدۆلۆژی کۆمۆنیستیدا دەرباز دەبێت ، لەسەر ئەم قسانە بارزانی بەئاشکرا نیگەرانی دەبێت ، هەموو ددانەکانی سەروەو خوارەوەی لەیەکتر گیر کردووە و گووتوویەتی : نادۆ نادۆ ئێمە مارکسیزم ،لینینزم دەناسین ، ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی دەناسین ، چۆنیەتی بەدەست هێنانی مافەرەواکانی گەلی کوردیش دەزانین ، نەمر لەو کەسانە نەبوو شت لەدڵی خۆیدا بهێڵێتەوە ، ئەگەر هەستی بکردایە لەنێو ئەو کەسانەی کەلەگەڵیدا سەفەریان کردووە ، هەندێک سیخوری (K G B) لەوێ ئامادەن ، بەڵام ئەومنەتی ئەوکەسانەی نەدەزانی ، کەئەو سیخورە ئەو قسانە بگوازێتەوە بۆ سەرووی خۆی، نەمر لەشوێنی پێویست تێروانینەکانی خۆی ئاشکرا دەکرد ، هەرتەنها نەمر دەیتوانی بەم شێوەیە راستییەکان بپارێزێت .
لەم دواییەدا لەنێو هەندێک لە رووناکبیرانی کورد بە ئاشکرا نەخۆشییەکی دەروونی پەیدابووە، لێرەدا ناوی هیچ کەسێک ناهێنم بۆ ئەوەی ئەم نووسینە پۆخل نەبێت، ئەو رووناکبیرە گووتبووی بارزانی نەمر سیخوری (K G B) و سۆڤیەت بووە. من دەزانم راستییەکان بەم شێوەیە نییە بەڵام ئەوەم لاسەیرە هەندێک کەس لە نێوکوردان پەیدابوونەو نازانم تاچ رادەیەک خەڵک تەحەمولیان دەکەن، یاخود کەسانێک هەن پشتگیریان لێدەکەن، هەرچەندە لەوانەیە تۆزێک درەنگیش بێت بەڵام دیسان من دەخوازم لێرەدا وەڵامێکی ئەو رووناکبیرەو ئەوکەسەی کەپشتگیری لێدەکات بدەمەوە. من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە تەنها وەڵامی ئەوکەسانە بدەمەوە کەدەخوازن قسەیەک لەسەر بارزانی نەمر بکەن، ئەو سەرکردەیەی تائێستا ناوەکەی بەراستگۆیی و بە پیرۆزی لای گەلی کورد ماوە. من لەم نێوەندەدا هەندێک لە تێروانینەکانم سەبارەت بەبارزانی نەمر بە بەڵگەوە ئاشکرا دەکەم.
جەنەراڵێکی (K G B ) ی سۆڤیەتی لەنێو بەرێوەبەرایەتی ئەو دەزگایە بەکارمەندی دووەمین دەناسرا دوای سەرۆکەکەی لاڤرێنت بەریا، ئەو جەنەراڵە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی ناوی پاڤێل ستدۆپلاتۆڤ بوو لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەربارەی رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ بارزانی نەمر وای نووسیوە .واتە بارزانی نەمر وەکو سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەزموون و تێگەیشتوو پێناسە کردووە .

هەڵبەتە پاڤێل سدۆپلاتۆڤ لەبەرامبەر نەمردا بە ئاشکرا خۆی پێناساندووەو وەکو کارمەندێکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست سۆڤیەت، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەربارەی ڕووداوێک لەسەر کەسایەتی نووسیویەتی و باس لەمە دەکات کەبارزانیەکان بەسەرۆکایەتی بارزانی هەوڵیانداوە نهێنیەکان نەکەوێتە دەرەوە، بەتایبەت نەکەوێتەدەستی (K G B) سدۆپلاتۆڤ بەم شێوەی نووسیوە، کە K G B )) یەکێک لەبارزانیەکانی کردبووە سیخوری خۆی دوای ماوەیەک ئەوکەسە بێ سەرو شوێن بوو، دوای ئەوە ئەو جەنەراڵە ئەوە ئاشکرا دەکات کەدوای ئەوەی بارزانیەکان هەستیان بەسیخوری ئەم بارزانییە کردووە بەئەمری مەلامستەفا بۆ شوێنێکی تر گواستراوەتەوە.hhhhhhhhhhhhhhhhhhh

بەڵی لەولاتی سۆڤیەت ولەدەزگای ئاسایش مەلا مستەفا کاری دەکرد ، ئەگەر وابێت چۆن دەتوانێت ڕێگا لەبەردەم دەرچوونی بارزانییەک بگرێت، ئەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ بارزانی نەمر گوایە سیخوری(K G B) بووە، بەتوندی ڕەتدەکاتەوە، بارزانی لەگەڵ ئەوەی هیچ کاتێک سیخوری بۆ( K G B) نەکردووە، ڕێگای لەتەنها کەسێکیش گرتووە کە سیخوری کردبێت و دووری خستۆتەوە لەگەڵ ئەمەشدا دۆستایەتی لەگەڵ بەرپرسێکی (K G B) وەک ستدۆپلاتۆڤ لەبەرامبەر گەلی کورد قازانجی کردووە بۆ پشتگیری کردنی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد .

لەدوای مردنی ستالین خرۆشۆف بووە سەرۆکی سۆڤیەت و هەموو بەرپرسانی (K G B)
وەکو کەسانی بێ شایستە لەبەرامبەر دەسەلاَت لێکدانەوەیان بۆ کراو بەشێکی زۆریان خرانە ناو زیندان ، لەنێو ئەمانەشدا ستدۆپلاتۆڤ هەبووە .

هەروەها ستدۆپلاتۆڤ دیسان لەبیروەرییەکانی خۆی شایەدی ئەوە دەدات، کەئەو لەزیندانی تایبەتی شاری (بیلایدێر) نامەی بۆ حکومەتی سۆڤیەت نووسیوە ئەوەی تێدا ڕوونکردۆتەوە کە لەبەرژۆەندی سۆڤیەت دایە پشتگیری لەتەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد بکات بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر .

ستدۆپلاتۆڤ هەروەها ئەمەشی نووسیووە کەئەو زۆر شادومان بووە دوای ئەوەی زانیوویەتی حکومەتی سۆڤیەت پێشنیارەکانی قبول کردووە و بەڵێنی داوە جێبەجێیان بکات .

بەڵی نەمر دۆست و پشتیوانی بۆگەلی کورد وتەڤگەرە ئازادیخوازەکەی لەنێو (KG B)
قازانج کرد، لەبەر ئەوەی وەکو دەڵێن ئەو شمشێری خۆی بەراستی بەکاردەهێناو بەپاکی شوێن و باوەری لەلایەن تەڤگەری گەلەکەی خولقاند ، هەرچەندە من سەبارەت بەم بابەتە لە لێکولێنەوەکەدا بەکورتی باسم کردووە،لەبەر ئەوەی مەبەستم تەنها ئەوەبووە گەلەکەمان باشترو ڕێکوپێکتر شارەزایی لەسەرکاروباری نەمر لەسۆڤیەتی پێشوو هەبێت وبزانێت کەلاوە شیر حەلالەکەی چەندین کاری گەورەو باشی کردووە، چی بۆگەلەکەی کردووە بەتایبەتی لەنێو ئەو هەلومەرجە گرانەدا.

نەتەنها لە ستدۆپلاتۆڤ بەڵكو تادەگاتە دەسەلاَتدارانی دەولەتی سۆڤیەت بەگشتی لەدژایەتی و نەیاری لەبەرامبەر تەڤگەری کورد کردە پشتیوان . تێروانینی چەند ساڵەی یەکێتی سۆڤیەت کەوەکو دۆگما وابوو شکێندران و گۆرانیان بەسەرداهات ، دواترئەم تێروانینانە تاچ رادەیەک کاریگەری باشی درووستکردوە رۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە پێگەیاندنی تەڤگەری کوردو جگەلە ناساندنی کێشەی کورد لەئاستی نێونەتەوەیدا .

دوای ئەوەی بەرێوەبەرایەتی سۆڤیەت بارزانی نەمری وەکو سەرکردەیەکی کورد ناسی و هەڵوێستەکانی بۆ داخوازی و مافەکانی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان قبوڵ کرد دەستووری دا بارزانی لەمۆسکۆ بمێنێتەوە . لەپایتەختی یەکێتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ

خانووێکیان دا بەنەمر لەسەر داخوازی خۆی بۆخۆپەروەردەکرن و تەواوکردنی خوێندن لەبواری سەربازیدا لەئەکادیمیای جەنگ وەرگیرا.

بەلاَم داخوازی سەرەکی نەمر بەلایەوەزۆر گرینگ نەبوو ، ئەوەی بەلای بارزانیەوە گرنگ بوو کەبەرێوەبەرایەتی سۆڤیەت  رەوشی هەڤاڵەکانی لە ئۆزبەکستان باشبکات . نەتەنها بایەخ بەخۆی بدەن ، لەبواری کۆمەلاَیەتی و ئابووری نەمر داوای لەبەرێوەبەرایەتی سۆڤیەت کرد هەڤاڵەکانی پێویستیان بە هەڵومەرج و دەرفەتی باشتر وزیاتر هەیە . بۆئەوەی ئەوانیش  بتوانن لەبواری زانستدا ، لەمەیدانی جیاجیا دا خۆیان پەروەردەبکەن ، بەلاَم ئەگەر لەهەڤاڵەکانی خۆیان بەپەروەردەکردن ماندوو نەکردووە ئەوا تاوانی بارزانی نەمر و یەکێتی سۆڤیەت تیادانیە ئەمانەش بەگشتی ئەو کەسانەبوون کەتەمەنیان زۆر بوو بەشێکیان نەخوێندەوار بوون .

بەڵی نەمر لە مۆسکۆ بەردوام بوولەسەر بەستنی پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆی لە ئۆزبەکستان ، ئەمەش زیاتر لەو نامەیدا ئاشکرا دەبێت لەسەر ناوی سەرۆکی ئازەربایجان باگیرۆڤ رەوانەکراوە ، ئەو واتە نەمر دەلێت من هەڤاڵەکانی خۆم وەکو گلێنەی چاوم خۆشدەوێت ، وەکودەزانرێت نەمر لەم جۆرە کەسانە نەبوو ئەگەر شتێک لەدلێدا نەبێت هەربۆخۆی قسە رێک بخات .

دوای ئەمەش نەمر هەوڵیدا هەموو ئەو دەرفاتانەی لەدەستیدابوو بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوردان چ ئەوانەی لەیەکێتی سۆڤیەت بوون یاخود ئەوانەی لەکوردستان بوون یاخود ئەوانەی لە ئەوروپاوئاسیای ناوین سەردانی مۆسکۆیان دەکرد . لەبەرئەوەی مۆسکۆ دەستووری نەدا کەبارزانی خۆی سەردانی دەرەوەی مۆسکۆبکات ئەویش لەبەر هەندێک هۆکاری سیاسی .

بۆنەمر وەکو سەرکردەیەک هەرقسەیەک وپەیڤێک لەسەر رەوشی گەل و ولاَت زۆر پێویست بوو، لەبەرئەوەی چەند ساڵێک بوو هیچ ئاگادارییەکی لەسەر رەوشی ئەوان نەبوو، بۆئەمەش پێویست بوولە هەموو رووێکەوە بۆ رووداوەکانی داهاتوو خۆی ئامادەبکات. بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر رەوشی ولاَت ئاگادار وبەشداربێت لەگەڵیاندا . بارزانی باشدەیزانی کەئەمرۆ یان سبەی رەوشی سیاسی گۆرانکاری

بەسەردادێت و ڕێگای کوردستانی بۆ دەکرێتەوە . نەمر بەبێ ئارامی چاوەڕێی ئەو ڕێگایە بوو لەبەرئەوەی ئەو هیچ ڕێگەی دیکەی نەبوو .

ئەو کاتەی لێکدانەوە لەسەر کەسایەتی نەمر دەکرێت وەکو سیاسەتمەدارێک وسەرکردەیەکی گەل پێویستە کارەکتەر وسیاسەتەکانی لەبەر چاوبگرین بۆ چارەسەرکرنی کێشەی کورد لەبەر ئەوەی ئەو بەتەنها لەسەر بناغەی ئاگاداری و دڵسۆزی پەیوەندییەکانی توانی دەبارەی ڕەوشی گەل و وڵاتەکەی زانیاری پەیدابکات و بە گوێرەی ئەمەش وەک سیاسەتمەدارێک و سەرکردەیەک کاروبارەکانی خۆی لەژیاندا بە شێوەیەکی کرداری جێبە جێکرد.

لە چەندین نموونەی سەلمێندارودا ئەو تایبەتمەندیەی نەمر بەرجەستەودیاربووە ، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها یەکێکیان باسدەکەین . ئەوکاتەی نەمر تازەلەغەریبی( 11 ) ساڵەی گەرابۆوە بەغداهەندێک لەسیاسەتمەدارو ڕووناکبیرانی کورد چوون بۆدیدەنی بارزانی نەمر ،ئەوکاتەی قسە هاتە سەر ڕەوشی کوردستان وگەلی کورد ، ئەوانەی چووبوون بۆ سەرلێدانی نەمرەبەوحسیابەی کەنەمر چەند سالە لەهەوالی گەلی خۆی دوورە ، ویستیان قسەی بۆبکەن ... بەلام نەمر خۆی دەربارەی ڕەوشی کوردستان و گەلی کورد ئاگاداری کردنەوە وپێ بەپێ پەنجەی خستە سەر هەڵەو کەموکورییەکان وڕێگای ڕاستکردنەوەی بۆ روون کردنەوە ئەمەش ئەوەی دەسەلماند کەبارزانی زیاتر ئاگاداری ڕەوشەکە بوو .

ئەگەر بارزانی لەبەر هۆکاری سیاسی نەیدوتوانی بچێتە دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ،بەتایبەتی کوردستان ،بەڵام ئەو دەستوورەی هەبوو کەگوندبەگوندی یەکێتی سۆڤیەت بگەرێ، ئەوسەفەرانەشی هەربەتەنها دەکرد، ئەویش لەبەر هەندێک هۆکاری سیاسی بەبێ دەنگی ئەمەیدەکرد. بۆ بارزانیش ئاوا باشبوو...نەمر هەوڵی دەدا ئازادییەکەی بەکار بهێنێت بۆ دیتنی کوردەکانی یەکێتی سۆفیەت ، بەڵام بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە و دانیشتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی سۆڤیەت ،دەیتوانی بە تەنها سەردانی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمارەکانی بکردبوایە ،حکومەت لە دەنگدانەوەو ئاشکرابوونی سەردانەکانی بارزانی دەترسا .

ئەو حکومەتە واتە یەکێتی سۆڤیەت هەرچەندە ئاگاداری ولاتانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو بەتایبەتی وولاتە گەورەکانی ڕۆژئاوا ،ئاگاداری ئەوەش بوو کەبارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی لەساڵی( 1947 ) لەیەکێتی سۆڤیەت نیشتەجێن .بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو نەیدەخواست دەربارەی ئەم شەرە هیچ بەڵگەیەک بکەوێتە دەستی ئەوان واتە ولاتانی ڕۆژئاوا نەکالەدژی بەکاربهێنن و بلێن تەماشاکەن سۆڤیەت بارزانی لای خۆی نیشتەجێکردوە ، تالە دژی وڵاتانی دیکە بەتایبەتی ئەوانەی کوردستانیان داگیر کردووە بەکاربهێنێت ،تائەو ڕۆژەی بارزانی نەمر دوای شۆرشی 14ی تەمموز لەساڵی 1958لەیەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە ئیراق ، لەبەر هۆکاری سیاسی ئەوبەڵگانەی بەدەستەوەنەدا بەتایبەتی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و داگیرکەرانی کوردستان ،لەبەر ئەمە سۆڤیەت حەزی

نەدەکرد بارزانی راستەوخۆ لەسۆڤیەتەوە بگەرێتەوە بۆ عێراق . بۆیەلەرێگای چیکۆسلۆفاکیا بۆقاهیرە و ئینجا بۆ عێراق  گەرایەوە  .
لەبەر ئەم هۆکارە سیاسیانە بەرێوەبرایەتی یەکێتی سۆڤیەت بەنەمری گووت دەستوری هاتۆچۆت تەنها بۆماڵی کوردانی یەک لە کۆمارەکانی سۆڤیەت دەبێت ئەویش کۆماری ئەرمەنستانە .ئەوپێشنیارەی سۆڤیەت دابووی،لەبەرئەوەی پیادەکردنی  کوردان لە کەلتوورو زمانی خۆیان تەنها  لە کۆماری ئەرمەنستان بوو،هاوکات وەکو ناوەندێکی گەورەو دینامیکی کەلتوری کوردی تیادا  پیادەدەکرا .حکومەتی سۆڤیەت دەیخواست بەنیشاندانی رەوشی کوردەکان لەئەرمەنستان بەتایبەتی لەبواری بەرەوپیش چوونی کەلتوری کوردیدا دڵی بارزانی خۆش بکات بۆ ئەوەی ئەوە روون کاتەوە کەدەولەتی سۆڤیەتی سۆسیالستی تاچ رادەیەک دەرفەتی گەورەیان بەکورد داوە .واتەگەرەکیان بوو ژیانی  چەند هەزارکوردی ئەرمەنستان  وەک نموونەی بەرەوپێشچوونی ژیانی هەموو کوردەکانی سۆڤیەت نیشان بدەن .بەڵی سۆڤیەت لەبواری دروستکرنی وەهم لەبەرچاوی خەلکانی غەریب شارەزابوون .
ئەو کاتە سەردانەکەی بارزانی نەمر لەنێوکوردەکانی ئەرمەنستان لەپایتەخیتی ئەو کۆمارە (یەریڤان )دەستپێکرد. رۆژنامەی کوردیەکەی یەریڤان بەناوی رێیا تازە ...دوای ئەوەی لەساڵی (1937) تەوە وەستا بو جارێکی دیکە دەستکرا بەدەرخستنی ئەو رۆژنامەیە وەکو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان وحکومەتەکەی ...لەهەمان ساڵی (1955) دا رادێوی یەریڤان دەستی بەپەخشی زمانی کوردی کرد بۆ ماوەی نیوسەعات کەیەکێتی نووسەرانی ئەرمەنستان لقی نووسەرانی کورد بەرێوەی دەبرد،لەسیستەمی زانیاری ئەکادیمیای ئەرمەنستان زانایانی کورد بەکوردزانیەوە خەریک بوون ، پەرتوکی زاناو نووسەرانی کورد هەروەها ئەو پەرتوکانەی بۆ فێربوونی زمانی کوردی بۆشاگردی دبستانەکان ( قوتابی خوێندنگاکان) بۆ گوندەکانی ئەرمەنستان لەوێ چاپدەکراو بلاَودەکرایەوە ،لەپەیمانگا وزانکۆکانی ئەرمەنستان بەدەیان کچ وکوری کورد فێردەبوون ،دەتوانین بڵێن لەو کۆمارەدا سەنگی رووناکبیرانی کورد بە گوێرەی ژمارەی کوردەکانی ئەرمەنستان شوێنی گرتبوو.چەند کوردێک وەکوکارمەندی پایەبەرزی حکومەت پۆستی بەرزی وەرگرتبوو ،بەرپرسیارێتی بەرزیان لەئەستۆدابوو ،هەرچەندە ئەوکاتە نەمر زۆربەکەمی ئاگاداری رەوشی کوردەکانی ئەرمەنستان بوو ،لەبەرئەمەش پێشنیاری بەرێوبەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی قبوڵ کرد کەبچێتە نێوکوردەکانی ئەرمەنستان ،نەمر ئەو پێشنیارەی بەدڵی خۆی پەسند کرد .
لەگەڵ ئەمەشدا بەرێوبەرایەتی سۆڤیەت بریَاریدا کەسەردانەکانی مەلامستەفا بۆنێوکوردەکانی ئەرمەنستان بەشێوەیەکی نیو ئاشکراونیو نهێنی بێت .ئەمەش مانای ئەوەبوو دەربارەی سەردانەکەی هیچ هەوالێکی زۆر بچوکیش نەگاتە دەستی میدیاو رۆژنامەوانەکان و لەهیچ دەزگایەکی راگەیاندن وەکو رادێوی وتەلەفزیون بلاَونەبێتەوە .

سەردانەکەی بارزانی نەمر لەساڵی (1956) لەئەرمەستان بەردەوام بوو. لەوێدا جگە لەکارمەندەبیانیەکانی حکومەتی مۆسکۆ لەیەریڤان ،دوو کارمەندی حکومەتی ئەرمەنستان کەبەرەچەڵەک کورد بوون ،هاورێتیان دەکرد .ئەوانیش( نادۆ خودۆ )و( خمودۆف سەمەندعەلی سیابەندۆف )بوون.ئەم دووکوردە هەردووکیان جێگری وەزیربوون لەئەرمەنستان .

ئەو شتانەی لەسەرەوە باسمان کرد لەگەڵ بۆلەبۆلی هەنێک لەرووناکبیرانی کورد ، دوای سەردانەکەی نەمر بۆ نوسینگەی رۆژنامەی ریێ تازە نەما.بەلاَم نەمر لەمانە گرنگتربەپێویستی دەزانی سەردانی گوندەکانی ئەرمەنستان بکات.بەتایبەت ئەوانەی کوردی تێدانیشتەجێن ،لەوانەش گوندی چەرچەرسی (ئێت،دێرێک) لەناوچەی ئاخ باران وگوندی هەککۆ لەناوچەی تەلین . بۆئەوەی یەکتر بناسن ونەمرلە هەڵومەرجی ژیانیان بزانێت ...لێرەدا حکومەتی سۆڤیەت وەکو پێشتر گووتمان لە دروستکرنی تابلۆی دوور لەڕاستی دەستی هەبوو,ئەو مالاَنەی دەستنیشانکردبوو کە گوزەرانیان زۆرباش بوو ، تانەمر سەردانیان بکات . سەرباری ئەمەش هەندێک کەل پەلی ناو مال ومۆبیلیاو شتی تری مالاَنی لەم مالاَنە دانابوو.

بەلاَم نەمر ئەوەی کردە ئەزمونێک وشێوازی چوونی بۆمالاَن گۆری ،ڕاستەوخۆ خۆی ئەومالاَنەی دیاردەکرد بۆ ئەوەی بچێتە کامەیان . ئەوکاتەی ویستیان بارزانی ببەنەماڵێکی گوزەران باش و مرۆڤێکی خوێندەوار وکارمەندی پێشووی دیوانی ناوچەکە بەناوی (ئەفیۆی ئەمیرزادە) ،بەلام بارزانی لەدوورەوە خانوێکی کۆنی دەست نیشان کردو گووتی نەخێرمن دەمەوێت بچینە ئەو مالە،بەڵی ئەزموونی وەرگرت ، زانیبووی دەیانەوێت راستی لێ بشارنەوە ،دوای گەرانێک بەناو گوندی چەرچەرسی سەرۆکی ئەو گوندە لیڤۆن گیر بگۆری کەبەرەچەلەک ئەرمەنی بوو لەماڵی خۆی پێشوازی لەنەمر و هەڤاڵەکانی کرد.

جگە لەگوندی چەرچەرسی هەروەکو گووتمان نەمر سەردانی گوندێکی دیکەی کوردانی کرد بەناوی هەککۆلەناوچەی تەلین .لەوێدا سەرۆک بارزانی لەلایەن سەرۆکی ئەو گوندە (تیرن سەدۆیانی )کەبەرەچەلەک کوردێکی یەزیدی بوو پێشوازی لێکرا، کاریگەری ئەو سەردانەی نەمر لەسەر چاندی کوردی لەئەرمەنستان ویەکێتی سۆڤیەت زۆر گەورە بوو.

بارزانی بووە هۆکاری کردنەوەی دووناوەندی کوردزانی لەیەریڤان ولینینگراد( کە ئێستاپێترسبۆرگە) ،لەبەرئەوەی سۆڤیەت بریاریدا کێشەی کوردو چارەسەرکردنەکەی لەنزیکەوە وەکو کێشەیەک بۆ خۆی کاری لەسەر بکات ،بۆ ئەمەش پێویست بوو گەلی کورد وچاندەکەی ، بەتایبەتی دیرۆکی کوردستان بەتەواوی بزانێت. لەساڵی (1956) لەهەردوو ئەم شارەدا لەنێوسیستەمی زانیاری ئەکادیمیا بەشی کوردی کرایەوە.

هاوکات ئەنجامی ئەو سەردانەی بارزانی نەمر دەستکەوتێکی گەورەی تری هەبوو،ئەویش بەگوێرەی پێشنیاری بارزانی نەمر مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بریاریدا کاتی

پەخشی ڕادیۆی کوردی یەریڤان لەنیو کاتژمێرەوە بکاتە کاتژمێرونیوک ،هاوکات پەخشەکەی لەسەر هێڵی ناوەڕاست بێت ،بۆ ئەوەی کوردەکانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی کوردەکانی کوردستان بتوانن گوێ لەدەنگی ڕادیۆی یەریڤان بگرن. پەخشی ئەو ڕادیۆیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیروباوەری کوردان لەکوردستان دورست کرد، ڕادیۆی یەریڤان توانی ووشیاریەکی باش لەنێو کوردان بخوڵقێنی .بەلاَم من دەخوازم کاریگەری ئەو سەردانەی بارزانی نەمر لەبیروباوەری کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەگشتی وئەرمەنستان بەتایبەت باسبکەم، ئەو کاتەی هەموو خەڵکی گوندی چەرچەرسی بەژن و پیاو گەورەو بچوک لەدەووری نەمر،لە ناوەراستی گوند کۆبوونەوە ،بارزانی رووی لەسەرۆکی گوندەکە لیڤۆن گیریگۆریانی کرد کەبەرەچەڵەک ئەرمەنی بوو ،سەیری کرد خەڵکەکە بەهیواو خۆشەویستی وبەرێزەوە لەدەووری سەرکردە تازەکەی کۆبوونەتەوە وسەیریان دەکرد ئەوکاتە نەمر گوتی لیڤۆن من چاوەکانت ماچ دەکەم تۆش چاوی میللەتی من ماچ بکە. بەڵی سەرۆک بارزانی خوشک و برایانی خۆی لەغەریبی بەسەرۆکی ئەو گوندە سپارد. وەکو دەڵێن بەگشتی چەند پەیڤێک بوون بەلاَم بە فیکرێکی قوڵ و خەمخۆریەکی گەورە بۆ ئەوانەی دەوربەری قسەی دەکرد .

ئەم گوندە یەکەم جاری بوو کەسیاتیەکی ناوخۆشی وەک بارزانی، سەرکردەیەکی گەڵ بێتەلایان ودڵی بۆیان لێبدات و خاوەنداریان لێ بکات و وەکو بەشێک لەگەڵی کورد سەیریان بکات . ئەو رۆژە بۆمندالاَنی ئەوگوندە وەکو خەیاڵ وابوو، بەلاَم ئێستا لەپێش چاویان وەکو واقیعێکی زۆرگرنگ وەکو ولاَتی راستەقینەی خۆیان لەنزیکەوە سەیری دەکەن.

پێش هاتنی بارزانی نەمر بۆیەکێتی سۆڤیەت کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، سۆڤیەتیان بە ولاَتی خۆیان دەزانی .لەبەرئەوەی لەکۆندا گرێدانیان بەکوردستان پچرابوو. ئەویش لەدوای دانانی چوارچێوەیەکی پتەو، سنورێکی دیاری کراو لەنێوان ئەوان و ئەو ولاَتانەی کەتیادا دەژیان، هیواکانیان تێدا بەدی نەهات لەوێدا ئەوان بێ هیوابوون، بەتایبەتی کوردە یەزیدەکان لەبەر زوڵم زۆرداری رژێمی داگیرکەری تورکیا ی عوسمانی ولاَتەکەیان بە جێهێشتبوو، لەوێدا بێزاربون .ئەگەر کوردێکی یەکێتی سۆڤیەت بەلایەنی کەم کوردستانی وەکو ولاَتی باوک وباپیران سەیر بکردبوایە و ناوی مندالەکانیان بەناوی بکرد بوایە، ئەوا لەولاَتی یەکێتی سۆڤیەت وەکو سیخوری ولاَتێکی دەرەوە سەیریان دەکردو سزای گەورە یان بەسەردا دەسەپاند، ئەنجامەگرنگەکانی سەردانەکەی نەمر ئەوەبوو کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت دیاربوو ئیدی لەدەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ناوی کوردستانیان وەکو ولاَتی خۆیان دەهێنا، هیچ نەبێت وەکو ولاَتی باوک و باپیرانیان. دەستکەوتی دووەمی ئەو سەردانەی بارزانی گورێنی مۆراڵ و رەوشی دەروونی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هەرچەندە دەسەلاَتدارانی سۆڤیەت بەگوێرەی تێروانینی لینین لەبەرامبەر نەتەوەو کەمە نەتەوەکان، ئەوانەی وەکو کوردان لەبەرکەمی ژمارەیان کۆماری نەتەوەییان لە نێو یەکێتی سۆڤیەت بۆ دروست نەکرا، بەلاَم ئەوان ئەوەیان ئاشکارکردبوو، کەدەرفەتی بەرەوپێش چوونی کەلتوریان تائاستێکی زۆر بۆ گەلی کورد فەراهەم

کردووه، جگە لەوچەند ساڵەی دەسەلآتداری ستالین لەنێوان ساڵانی1924 )) تامردنی لەساڵی( 1953 ). هەرچەندە ئەو دەسەلآتە ڕێگای لە جێبەجێکردنی بیروباوەری نەژاد پەرستی و شۆڤێنستی گرتبوو، بەلآم کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە هەموو کۆمارەکاندا لەنێو میللەتە بەرێوەبەرەکانی ئەو کۆمارانە خۆیان بەشکست خواردوو بچوک و غەریب دەبینیو هەردەم نارازی بوون، هەرچەندە ئەو نارازیبوونە زۆر ئاشکرانەبوو ئەویش لەترسی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت، بەلآم بەشێوەی تر ناهەمتیان لەبەرامبەردا دەکرا ئەوانیان وەکو کەسانی بێ جێ و بێ وڵآت و وەکو کەسانی کۆچەر و دواکەوتوو سەیردەکرد، هاوکات گاڵتەیان بە جل وبەرگی نەتەوەی کوردان دەکرد . دوای ئەو سەردانەی بارزانی لەرووی مۆراڵەوە گورانکاری بەرچاو لە بیروباوەری کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت دەبینرا و بۆیان دیاربوو کە هیچ کاتێک بێ خاوەن و بێ وڵآت نینە، هەروەک چۆن لەیەکێتی سۆڤیەت یەکێکی وەک بارزانی وەک سەرۆکی گەلی کورد لەکوردستان ڕێزو حورمەتێکی زۆری لێدەگیرێت و سەرەنجام پەیدابوونی فیکرو هەستی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پشت ڕاست کردەوە، دوای ئەوەی لەنێوانیاندا سەربڵندی و ڕێزگرتنی یەکتری یان لەبەرامبەر یەکتر خوڵقاند. بەڵی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بینیان ئەوان هیچ کاتێک بێ خاوەن و بێ وڵآت نین وەکو گەلآنی دراوسێ هەموو مافێکیان هەیە. جگە لەمانە ئەوان هەستیان بەشتێکی دیکە کرد کەبارزانی تێدەکۆشێت بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، ئەگەر لەوکارە پیرۆزەدا سەربکەوێت ئەوان دەتوانن بگەڕێنەوە وڵآتی باوک وباپیرانیان، لەبەرئەوەی ئەو حەسرەتەی باوک و باپیرانیان کەوتە ژێرخاک. بەشێکی زۆری ئەوکوردانەی لەناوچەکانی بن دەستی تورکیای عوسمانی هاتبوونە ئیمپراتۆری ڕووسیا و بەتایبەتیش لە هەرێمێکی وەکو ئەرمەنستان جێگیر ببوون.

بەداخەوە لەکاتی سەردانەکەی بارزانی نەمر بۆ ئەرمەنستان، من رووبەروو ئەوم نەدیت بەلآم سەبارەت بەهاتنی بەتایبەتی بۆ گوندی چەرچەرسێ، من لەخەڵکی ئەو گوندەو بەتایبەتی لەخوشکەکەی خۆم هەستم کرد، دوای هات و چۆی نەمر لەم گوندەدا ناوی منداڵەکەیان ناو نابوو (بارزانی ). ئێوە سەیرتان بکردبوایە چۆن خەڵکی ئەو گوندە لەئەنجامی خۆشەویستی و ڕێزگرتن و بەرزیان دەدەوێن و بەچ شێوەیەک بیرەوەرییەکانیان باس دەکرد، هەروەها ووتەکانی نەمریان بۆ لیڤۆن گیریگۆریان دووبارە و سێ بارە دەکردەوە. ڕەووشی ئەوانە وەکو منداڵێک وابوو لەڕەوشێکی گراندابێت و کەسێکی بەتەمەن و بەهێز خاوەنداری لێبکات، سەرباری ئەمەش ڕوو خۆش بێت و بەگوێرەی داخوازییەکانی دڵی ئەو قسەبکات. هەڵی بگرێت وبەرزی بکاتەوە و دلخۆشی بکات، ئەومنداڵە دەبێ چۆن لەبەر چاوی خەڵک باسی ئەو کەسەبکات، بەم شێوەیە گەورەو بچوکی گوندی چەرچەرسێ باسی نەمر ویادەوەرییەکانیان دەکرد.

بەڵی ئەوان بەدڵ خۆشی بەم شێوەیە بۆخەڵکی دیکەی دەرەوەی گوندەکەیان دەربارەی هاتنی بارزانی دەگێرایەوە، لەیەکتریان دەپرسی ئایائێوە دەزانن بارزانی چی بەسەرۆکی گوندەکەمان گوتووە، دوای ئەو جۆرە پرسیارانەی دەستیان بەگێرانەوە ی قسەکانی نەمر دەکرد.
من دەمخواست لەم دەرفەتەدا بەکورتی لەسەر تێروانین و هەست و بیرو هەڵوێستی گوندی چەرچەسێ باسبکەم کە لەنێو مێشک و دەروونیان سەرچاوەی گرتبو، ئیدی ئەمانە پێویستیان بەمەنەبووبەتایبەت دوای ئەو ووتانەی بارزانی بۆ لیڤۆن بەچاوێکی بەزەیی و بەخشندە یی سەیریان بکرێت.راستە لیفۆن بە رەچەلەک ئەرمەنی بوو بنەماڵەی باوکو باپیرانی لیڤۆن کە لەگەڵ (10 - 9) خەلکی چەرچەنی،ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کوردە یەزیدیەکان لە سەردەمی شەری جیهانی یەکەمدا لە هەرێمی (مووش) لە ناو کوردان نیشتە جێبوون ،دواتر هاتبوونە گوندی کوردان لە ئەرمەنستان ،لەبەرئەمەش بەکوردی قسەی دەکرد ،ئەمەش وای کرد زووتر لەگەل خەلکی ئەو گوندە تێکەل بن ، لیڤۆنیش یەکێک بوولەوان. دانیشتوانی ئەم گوندە کوردی یەزیدی بوون لەبەر ئەمەش پێویستیان بە یارمەتی دانیشتوانی کوردی ئەو گوندە هەبوو .هەروەکو سەرۆکی ئەوگوندە گوتی ئێمە پێویستمان بەیارمەتی ئەوان هەیە . ئەم قسیەش بووەمایەی دلخۆشی و سەربلندی کوردەکانی ئەو گوندە .
لەبەرئەوەی سەردانەکەی نەمر بووە مایەی دلخۆشی و سەربلندی کوردەکانی ئەوو گوندە ، بارزانی توانی لەمۆسکۆ یەریڤاندا رێزو حورمەتێکی زۆر بۆکوردەکان دەستە بەر بکات .جگە لەوەی خاوەنداری لەکوردەکان کردو هاوکات بەسەرۆکی ئەوگوندەی گووتبو بەتۆیان دەسپێرم , ئەمەش وەکوو باوکێک کە کورەکانی خۆی دەخاتە بەردەستی خەڵکی دیکە بۆئەوەی ئەوگەنجانە لەوێدا نیشتەجێبکات بەوانەی دەسپێرێت .
مانەوەی چەند کاتژمێرێک لە گوندی چەرچەسی ولە ککۆکدا مەلا مستەفا لەنێو خەڵکی ئەوگوندانەدا خۆشەویستی و رێزێکی زۆری پەیدا کرد . لەبەر ئەمەش دوای رۆیشتنی خەلکێکی زۆر لە کوردەکانی ئەرمەنستان ، بەتایبەتی خەلکی ئەودووگوندە و چەندین گوندی تر سەربەئاینی یەزیدی ناوی بارزانیان لە مندالەکانیان دەنا . بەم شێوەیە لەهەر گوندێکی کوردان چەند بارزانیەک پەیدا بوون ، لەبەرئەمەی رێزو خۆشەویستیەکی زۆریان لە بەرامبەر بارزانی هەبوو ئەوان بانگی مندالەکانیان دەکرد بازۆ، یاخودی بارزانی بچووک . دوای ئەوەی بارزانیە بچووکەکان گەورەبوون دیسان هەر بە بازۆ بانگیان دەکردن ، ئەمەش شایەدی ئەوە دەدات کە کوردەکانی یەکێتی سۆفیەت نەمریان لەسەر کردەیەک زیاتر وەکو باوک سەیریان کردەووە ،لەمانەش گرنگتر ئەوە بوو کەکوردە یەزیدیەکان ئەوەیان لەیادکرد کەئاینیان لەگەڵ بارزانی جیاوازە ، پێویستە ئەمەش لەیاد نەکەین کە ئەوانەی کورەکانیان ناودەنا بارزانی تەنها روناک بیر نەبوون بەلکو بەشێکیان جوتیارو رەنجدەر ی یەزیدی سادە بوون لەم بوارەدا بیرکردنەوە ی ئەمانە لەئاستی هەستی خوێنەواری ورووناکبیران دابوو .

هەرچەندە وەکو ئێمە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەڕێوەبەرایەتی سۆفیەت هەوڵیدەدا کەسەردانەکەی بارزانی بەنهێنی بێت و دەنگ نەداتەوە ، بۆیەش لەنێوخەڵکی ولاتە بیانیەکان بەتایبەتی لەدەرەوەی سۆفیەتی پێشو سەدایەکی ئەوتۆی پەیدانەکرد ، بەلام لەنێوکوردەکانی ئەرمەنستان و کۆمارەکانی دیکەی یەکێتی سۆفیەت کاریگەریەکی زۆری لە سەر هەستی نەتەویی کوردەکانی ئەو ولاتانە کرد و گۆڕانێکی بنەرەتی لە رەوشی ژیانی ئەواندا خولقاند .

من لێرەدا دەخوازم سەرنج بدەمە خالێکی زۆرگرنگ ئەویش ، ئەوکاتەی نەمر لەئەرمەنستان سەردانی دوو گوندی کوردی یەزیدی کرد، ئەم هە لوێستەی نەمر ئەمرۆ کورەکەی بەرێز مەسعود بارزانی بەردەوامی پێدەدات ، جەندجاران گوتویەتی یەزیدیە کان کوردی راستەقینەن .من دەمخواست ئێمە وەکوروناکبیرێک و کوردێکی یەزیدی ئەوە بخە مە پێش چاوی خوشک و برایانی یەزیدی لە هەرێمی کوردستان ، ئەوانەی تا ئێستا لە دەرەوەی سنوور لە شەنگالن ، بەتایبەتی لەبەر ڕووداني رووداوێکی خراپ لە نێو چەند کوردێکی یەزیدی و موسڵمان ،خەریکە راستیەکان وون دەکەن و بیرکردنەوەی هەلەیان لا دورست دەبێت .لێرەدا دەخوازم چەند ووتەیەک بهێنمەوە یادی بەشداربووانی ئەو رووداوە ، ئایا بەرهەمی دوو کێلگە لەیەکتری جیا دەکرێنەوە ، مرۆڤ بۆ خاتری چاوێک لە هەزاران چاو خۆش دەبێت ، خۆزیا لەئاستی ئەو نرخە بووینایە کە بارزانی نەمر و رۆڵەکانی بە ئێمەیان داوە ، بۆیە پێویستە ووتە بەنرخەکانی لەبەر خاتری چەند کەسێکی نەزان و سەر ووشک لە ئاستەکەی دانەبەزێندرێت .

بەم شێوەیە بارزانی نەمر گەیشتە ئامانجەکانی کە پێش ئەوەی بچێتە یەکێتی سۆڤیەت بەرنامەی بۆ دانابوو ، جگە لەمەش چەندین کارو کردەوەی پێویست و گرنگی بۆ خوشک و برا کوردەکانی لە وێدا بە ئەنجامگەیاند ، بەتایبەتی ئەوانەی رووبەروو نەمریان دیت و گوێ بیستی بوون . لەچاوی بارزانیدا ئەوان دوارۆژێکی گەش و رووناکیان بۆ وولاَتەکەیان دەدیت ، لە بەرامبەر ئەمەش بارزانی باوەری دوارۆژێکی گەشی لا دروست کردن، ئەمرۆکەش ئەو دوارۆژە ی نەمر چاوەرێی دەکرد ،لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە دی ، بەر لە هەمووشتێک ئاشکرایە ئەو رەوشەی ئێستا ش لە سایەی رەنجی بارزانی نەمر و شەهیدان و ماندوو بوونی پێشمەرگە قارەمانەکان بەدەست هاتووە .

بارزانی نەمر لە سۆڤیەت لە نێو ئەو هەلو مەرجە گرانەدا نیاز و مەبەستەکانی خۆی کە پێشتر بەرنامەی بۆ دانابوو بەجێیهێنا .

ئەو سەرکردەیە خاوەن زمان و ئەزموونێکی سیاسی دەوڵەمەند و ئارامگرتوو بوو لە تاراوگەدا ، هاوکات خاوەنی هێزێکی لە بن نەهاتووی بە توانا بوو ،لە مانەش هەمووی گرنگترخاوەنی تایبەتمەندی ولاَتپارێزی بیَ سنوور بوو ، هەربۆیەش توانی ئەو دەستکەوتانە بە دەست بهێنێت ، جاکەسانی بێ ویژدان با هەر بلێن سەرکردەی وەکو نەمر کە لە ژیانی خۆیدا تەمەنێکی زۆری بە هیوا

و بەرنامە بە سەر برد و دواتریش بووە ڕۆشنایی ڕزگاری گەل و ولاَتەکەی ، سەرکردەی بەمشێوەیە لە سەد ساڵێک جارێک لە جیهان پەیدا دەبن .
من لێکۆڵینەوەکەم لە سەر کارو بارەکانی بارزانی نەمر لە سۆڤیەت بەرەو کۆتایی برد ، بەناوی دۆسیەی بارزانی لە سندوقی پۆلاینی ستالیندا .
جگە لە دیاری کردنی هەندێک فاکتەری واقیعی ئەگەر لەسەر ناوی سەمبۆلیکیش بێت ، لەبەر ئەوەی بارزانی نەمریش ئەگەر ئێمە بەمشێوەیە ناوی بێنین ، چەند ساڵێک خستبوویانە نێو سندوقی پۆلایندا و ڕێگای لێگرتبوو تا هیچ کارێک نەکات بەلاَم ئەو لە ناو ئەو سندوقەدا لە کاری خزمتکردنی گەلی خۆی بەردەوام بوو ، ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوەی من ئەرکێکی زۆر گرنگ و بەر پرسیارییەکی مێژوویی بوو ، بەلاَم لەگەڵ ئەمانەشدا کارێکی بەرووممەتم گرتە ئەستۆی خۆم .
بە ئەنجامگەیاندنی ئەو لێکۆڵینەوەیەم لەسەر بارزانی نەمر تەنها جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتیە وەکو لاوێکی کورد بە گشتی وەکو مێژوو زانێکی ولاَتی خۆم جگە لەمەش بۆ من ئەم کارە بابەتێکی ژیانی بـوو .

**دۆسیەی بارزانی**

**لە سندوقی پۆلاینی ستالیندا**

**وەزیریَ ئەشۆ**